دۆسیەی ژمارە: ١٦ ئۆکتۆبەرو نۆکەر پیشەیی
حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی

گفتۆگۆ لەگەڵ موحسین کەریم، محەمەد خێرۆلا لە
لاپەڕەکانی 8-9 دا، دەخوێننەوە...

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی سێهەم، ژمارە (62) 15/10/2019
بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە
مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت

# هێرشی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، بە هێزی جەماوەری ئازادیخواز و ئینسان دۆست تێک دەشکێنرێت!




دوای بڕیاری پاشەکشەی سوپای ئەمریکاو هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ ڕژێمی ناسیونال/ فاشیستی تورکیا لەلایەن ئەمریکا و ناتۆ و غەربەوە، سەرئەنجام سوپای تورکیا دەستیکرد بەهێرش بۆ سەر کوردستانی سوریا "ڕۆژئاوای کوردستان". پاساوی دەوڵەتی تورکیا بۆ هێرشەکەی پاراستنی سنورەکان و شەر لەگەڵ تیرۆریستان و دەربازبوونە لە کێشەی پەنابەرانی سوریا. پاساوی هەڵکردنی گڵۆپی سەوزیش بۆ دەوڵەتی تورکیا لەلایەن ئەمریکا غەرب و ناتۆ وە بێدەنگیان، بریتییە لەوەی کە تورکیا مافی بەرگری و پاراستنی سنورەکانی خۆی هەیە.

هەرکام لەو پاساوانە هیچ بنەمایەکی ڕاستیان تیا نییە، بەدرێژایی ئەزمەی دەوڵەتی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ وە تا بەئێستا دەگات، هیچ جۆرە هەڕەشەیەک لەلایەن ڕۆژئاوای کوردستان و هێزە سیاسییەکانیەوە، لەدەوڵەتی تورکیا نەکراوە، بەپێچەوانەوە ئەوە سوریاو کوردستانی سوریا و کانتۆنەکانن، هەمیشە کەوتۆتە بەردەم کردەوەو هێرشی سەربازی و دەوڵەتی تورکیاو چوونە

بۆ لاپەڕە ٢



## مێژووی هەموو حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، مێژووی سیاسەتی خۆگرێدانەوەیە بە سیاسەت و بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکەوە...ل8



## سیاسەتی دوو فاقی و پاشگەزبوونەوە و گۆڕینی دروشم و تەنانەت ستراتیجیش شتێکی نامۆ نییە بە بزووتنەوەی سیاسی ئەحزابی کوردیەوە، ئەوەی گرنگە مانەوەیە لە دەسەڵات...ل9

### لەڕەخنەگرتن لە ئاسمانەوە بۆ ڕەخنەگرتن لە زەوی...ل3

### ١٦ ئۆکتۆبەر پلانێك بۆ بەشکست کێشانی ریفراندۆم...ل4

### هەر عارف نییە، مارفیشە...ل3

### تێکۆشان لەدژی فاشیزم، بەر بەجەنگ دەگرێت...ل5

## هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماورییەکان...ل7

### پرسی ژن ل 6



### دیمانە لەگەڵ مەنسور حیکمەت، سەبارەت بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی چینی کرێکار....ل10

## وتەی ژمارە

پشت تیرۆریزمی داعش و قوتکردنەوە هێزی ڕەشی بەکرێگیراو بۆ ملهوری نواندن لە دۆخی ئەزمەگرتوی پڕ ململانیی سوریا. دنیا بە ئەمریکاو غەربیشەوە شاهیدی دەستێوەردانی دەوڵەتی تورکیا وهێرشی سەربازی و پشتیوانی ئەون لە هێزی تیرۆرسیتی داعش. هۆکاری سەرەکی ملهوری تورکیا و هێرشی سەربازی بریتییە لە ئەزمەی ناوخۆی دەوڵەتی تورکیاو وەستانەوەیە بەرووی پرسی خەڵکی کوردستان و تێکشکاندنی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری کوردستانی سوریا.

کێشەو ئەزمەی سیاسی و ناو تەلاری ڕێکخراوەیی ئاک پارتی و لێکترازانی و وازهێنانی کاراکتەرە ناسراوەکانی تارادەی وەستانەوە بەرووی ئەردۆغان و پێکهێنانی قوتبێکی دژ، خراپی وەزعی سیاسی و ئابوری و ململانێی ناو خانەوادەی بۆرژوازی تورکیا، قوڵبونەوەی پرسی کورد، بەرین بوونەوەی نائارامی سیاسی، سیخناغ کردنی زیندانەکانی لە نەیارەسیاسیەکان و هەلسوراوانی نارەزایەتی جەماوەری و رۆژنامەنووسان و لایەنگرانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن سەرکوتی بێ پەردەی سیاسی لەناوخۆی تورکیا و دارمانی ئابوری و بی بەهابوونی دراوی تورکی و زۆربوونی رێژەی بیکاری و فراونبوونەوەی رۆژ لەرۆژی نارەزایەتی جەماوەری، تەریک کەوتنەوەی لە ئاستی دنیادا، شکستی سەربازی داعش و ئاوابوون و رەوتی روو لەخواری ئیسلامی سیاسی... ئەو هۆکارە سەرەکیانەن کە دەوڵەتی تورکیا و بۆرژوازی ئەو وڵاتەی رووبەڕووی ئاییندەیەکی ترسناک کردۆتەوە. هەموو ئەوانە وای لە تورکیاو دەسەڵاتی ئەردۆغان کردووە، کە ڕێگایەک بۆ بەرگرتن بەدارمانی دەسەڵاتدارێتیەکەی و قەرەبووکردنەوەی شکستە یەک لەدوای یەکەکانی چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لەئاستی ناوچەکە و لەپەیوەند بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی...تاد بگرێتە بەر. هاوکات ملهوری نواندنی بەردەوامی تورکیاو لەشکرکیشی و مانۆری سەربازی لە سوریا، لە عێراق و کوردستانی عێراق، پشتیوانی ئاشکرای لە گروپە تیرۆریستەکان، بەجیا لەوەی دەیەوێت لەدۆخی دوای شکستی داعش و پاشەکشەی ئابڕوبەرانەی ئەمریکادا، نەخش و جێپێی خۆی لە ئایندەی سیاسی سوریدا بگێرێت، هەروەها هەوڵدەدات سەرنجی رای گشتی لە ناوخۆی تورکیاوە بگوازێتەوە سەر کەیسەکانی دەرەوەی تورکیا و ناوچەکە و قەرەبووی شکستە سیاسیەکانی لەناوخۆ و دەرەوە بکاتەوە.

دیارە گێرانەوەی دۆخی خراپی ناوخۆیی تورکیا بۆ کێشەی ئاوارەکانی سوریا، مەترسی ئەمنی سنورەکانی، بوونی گروپە تیرۆریستەکان، خۆراکێکی تەبلیغاتی دەوڵەتی تورکیایە بۆ چوارچێوەدان بەملهوری نیشاندان و درێژەدان دەستێوردانی بەردەوام لەدۆخی سوریا و ناوچەکەدا، و لەبنەرەتیشدا هۆکارەکانی پشت هێرشی دەوڵەتی تورکیا وەستانەوە بە دژی مەسەلەی کورد، تێکشکاندنی ئەزموونی رۆژئاوا، شکستی داعشە.

کێشەی کورد و وەستانەوەی دەوڵەتی تورکیا بەدژی چارەسەری ئەو پرسە، بەجۆرێکە کە لەناو تورکیادا حاشا لەبوونی دەکات و بانگەوازی کارکردنیش بۆ چارەسەرکردن و وەڵامدانەوەی پێی، تەریب بە تیرۆرو شێواندنی ئاسایشی نیشتیمانی تورکیا، دەکات. لەوەش واوەتر لە بەشەکانی تری عێراق، ئیران و سوریا... بەتەواوی بەدژی چارەسەری ئەو پرسەیە، خودی ئەو دژایەتیەشی بۆ چارەسەر کێشەی کورد لە پارچەکانی تردا، لەبنەڕەتدا ترسە لە کێشەی کورد لە تورکیادا.

دۆخی کوردستانی سوریا و دوور ڕاگرتنی لە جەنگی ناوخۆیی سوریا و دامەزراندنی ئەزمونێکی خۆجێیی قابیلی پشتیوانی، بەچەندین یاساو رێسای ئازادیخوازانەو بەرابەریخوازانە، هاوبەش لەنێوان کورد و عەرەب و مەسیحی و ئەرمەنی و کریستیان و دیندارو بێ دین و هەڵبژاردنی راستەوخۆ و لەخوارەوە، مەرسومی یەکسانی ژن و پیاو...تاد، لایەنێکی تری سەرچاوەی دەستێوەردانی تورکیا و هێرشەکانیەتی. ئەزموونی خۆجێیی و خۆبەڕێوەبەری لە کوردستانی سوریادا، سەرکەوتنی تا ئەو ڕادەیەی ببێتە جێگا نیگاو سەرنجی دنیای ئینساندۆست و ئازادیخواز و پشتیوانی جیهانی، لەماوەیەکی کورتدا، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە ژنان و پیاوانی کۆبانی تەلیسمی ترسی داعش و هێرشەکانیان تێک ڕماندو لمۆزی هێزەکانی پشت داعشیان شکاند، هێندەی تر ڕژیمی تورکیای شێتگیر کرد. ترسی پەڕینەوەی ئەو ئەزموونە بۆ ناوخۆی تورکیا، هەڕەشەیەکی بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا بووە. بەتایبەتیش کە بزوتنەوەی "نا" وتن بەسەرکوتی سیاسی خەڵکی کوردستانی تورکیا، بزوتنەوەیەکی فراوانی حاشاهەڵنەگرە لەناو سەراسەری توکیادا، کە هەڕەشەکانی سەدەها جار لەهەڕەشەی هێزەکانی پەکەکە و قەندیل زیاترە بۆسەر دەوڵەتی تورکیا.

تێکشکاندنی داعش، بەتایبەتی لەسەر دەستی هیزەکانی کوردستانی سوریا، چەندە کاریگەری لەسەر داعش و ڕەوتی شکستخواردنی سەربازیدا هەبوو، هێندەش شکست بوو بۆ دەوڵەتی تورکیاو هێزەکانی هاوپەیمانان.

بەکورتی، بوونی کێشەی کورد، ئەزمونی خۆبەرێوەبەری رۆژئاوا، شکستی سەربازی داعش... بەتایبەتیش دوای شکستی داعش، و لە ئێستاشدا پاشەکشەو ناکامی ئەمریکا لە سوریادا، ئەو هۆکارانەن کە تورکیای شێتگیر کردووە و ناچاری کردووە، ملهوڕی بنوێنێت و هێرشی سەربازی بخاتە دەستورەوە، بەتایبەتیش کە تورکیا تا ئێستا مل بە چارەسەری پرسی کورد نادات و ئامادەی گرتنەبەری هیچ ڕێکارێکی ئاشتیانەو مەدەنیانە نییە.

هێرشی سەربازی تورکیا بۆسەر رۆژئاوا، هیچ پاساوێکی لۆژیکی نادات بەدەستەوە، هەر ئەوەش ماکی سەختی و مایەپوچی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازیانەی هەڵگرتووە. دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، جگە لەزۆری هێز و هەڵخراندنی ماشینی جەنگی، هیچ ئامرازێکی تری بۆ جەنگ نییە، لە کاتێکدا بۆ خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان دوور ڕاگرتنی ئەو جغرافیایەی لە جەنگی ناوخۆی سوریا، ئەزموونی خۆ بەڕێوەبەری و بوونی مافی هاوڵاتی یەکسان، یەکسانی ژن و پیاو...تا دەگاتە رۆڵی بەرجەستەیان لە تێکشکاندنی داعش و بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی جەماوەری لە ئاستی دنیا و ناوچەکەدا، تا دەگات بە بڕوا بەخۆ بوون و بڕوا بەسەرکەوتنیان، بڕوا بە کێشەکەیان، هەموویان خاڵی بەهێزی ئەزموونی ڕۆژئاواو خەڵکەکەین، خەڵک بۆ بەرگری لە دەستکەوت و مافەکانی مافی بەرگرییەکی ڕەوای بەخۆی دەبەخشێت. هەموو ئەمانەش فاکتەری بەهێزن لە یەکلایی کردنەوەتی هەر جەنگ و کێبەرکیەکی سیاسی و سەربازی و دیبلۆماسی و ڕاکێشانی پشتیوانی جەماوەری لەسەر ئاستی ناوچەکەو دنیاو گوشاردانانیش لەسەر دەوڵەتەکان.

پشتیوانی هەمە لایەنەی سیاسی، لۆجیستیکی، دەرمان و کۆمەکی خواردن تا دەگاتە بەشداری چەکداری لاوان لەجەنگی بەرگری دژی دەوڵەتی تورکیا و پارێزگاری لە ئەزموونی کوردستانی سوریا، پشتیوانی لە بزوتنەوەی بەرگری ژنان و پیاوان، بەدژی هێرش و ملهوری دەوڵەتی تورکیاو سات و سەودای ئەمریکاو غەرب و روسیاو سوریادا، لەپێناو بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان لە ناوچەکەدا، ئەرکێکی ئینسانی و لەدواخستن نەهاتووی بەکردەوەی دەوێت. پشتیوانی بەرینی جەماوەری ملیۆنی بەرەی ئازادیخوازی دنیا و گوشار دانان لەسەر وڵات و دەوڵەتەکانیان، بەتایبەتیش وەرێخستنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی لەناوخۆی تورکیادا بەدژی دەسەڵاتی رەشی ئەردۆغان، فاکتەر گەلێکی گرنگ و چارەنووسسازن بۆ یەکلایی بوونەوەی ئەو جەنگە نابەرابەرە بە سودی خەڵکی رۆژئاوا و ناچارکردنی دەوڵەتی فاشیستی تورکیاشە بە پاشەکشەکردن.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"کۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

هەڵەبری وتارو بابەتەکان، ئەرکی خاوەنی بابەت و وتارەکانە و بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی بابەتەکان... بۆیە هەرکەسێک کە بابەت یان وتار بۆبۆپێشەوە دەنێریت، ئەرکیەتی هەم هەڵەبری ئیملایی و هەم رەچاوی رێنوسی زمانی ستانداردی کوردی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی بڵاوبونەوە بۆ وتارەکەی بکاتەوە.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

**بوونی کێشەی کورد، ئەزمونی خۆبەرێوەبەری رۆژئاوا، شکستی سەربازی داعش... لە ئێستاشدا پاشەکشەو ناکامی ئەمریکا لە سوریادا، ئەو هۆکارانەن کە تورکیای شێتگیر کردووە و ناچاری کردووە، ملهوڕی بنوێنێت و هێرشی سەربازی بخاتە دەستورەوە،**


# لە ڕەخنە گرتن لە ئاسمان بۆ ڕەخنەگرتن لە زەوی

**نووسینی: کارل مارکس**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: جیهاد موحەمەد**

دوای سڕینەوەی جیهانی ئەودیوی ڕاستییەکان، هەڵسەنگاندنی ڕاستینەی ئێستایی جیهان ئەرکی مێژووە. ئەمەش بە پلەی یەکەم ئەرکی فەلسەفەیە، کە ڕاژەی مێژوو دەکات. خودی مرۆڤ خۆی دینی دروووستکردوە، نەک دین مرۆڤی درووست کردبێت. لە واقیعدا دین هوشیاریی‌و هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکان خۆیانە، کاتێک نەیانتوانیوە چییەتی‌و ماناو بەهای خۆیان بدۆزنەوە، مرۆڤەکان کە کەمدەستبوون لە دۆزینەوەی خۆیاندا لە ڕێگەی دینەوە جارێکتر خودی خۆیان ون کردۆتەوە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕووت نییە، کە کەوتبێتە دەرەوەی جیهانێکی دروستکراو و هیچ کاریگەریی‌و توانایەکی نەبێت لەو جیهانە درووستکراوەدا. مرۆڤەکان خۆیان جیهانی مرۆڤن، واتا جیهان بەبێ مرۆڤەکان مانایەکی نابێت، مرۆڤەکان خۆیان بە کارو چالاکیە پەرەسەندوەکانیان توانیویانە خۆیان ڕێکبخەن، دەوڵەت‌و کۆمەڵگەو مەدەنیەت درووستبکەن، بەڵام ئەم کۆمەڵگەو ڕێکخستنانە بێ کەموکوڕی نیین، چونکە مرۆڤ بە کامڵی درووست نەبووە، تا کارو چالاکیەکانیان‌و بەرهەمەکانیان کامڵ بێت، یەکێک لە ئەنجامی ئەم ناکامڵیەش دروووستکردنی دینە؛ واتا دین ئەو هوشیاریی‌و ئاگاییەکی ناتەواوی مرۆڤەکان خۆیانە. چونکە مرۆڤەکان خۆیان لە خۆیاندا بە ناچاریی‌و بۆ دۆزینەوەی ڕاستینەی خۆیان‌و دەوروبەریان‌و بارودۆخیان زۆرجار پەنایان بردوەتە بەر کۆمەڵە شتگەلێکی خەیاڵاویی بێ مانا.



دین تیۆرییایەکی گشتی جیهانی مرۆڤەکانە، کورتەیەکە لە فەرهەنگییان، داڕشتنی لۆژیکی میللیانەیانە، ئەو لۆژیکەی کە بووە بە شەرەفێکی ڕۆحیان. بووە بە دڵنەواییان لە کاتی ئاستەنگو گێژەنگو ترسەکانیاندا، لە کاتی بێدەستی‌و کەماسییاندا بەسەر دەورپشتیاندا، بەسەر ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە بۆیان هاتوەتە گۆڕێ.

دین لێکۆڵینەوەیەکی خەیاڵی مرۆڤەکانە لە بەدوداگەڕان‌و بیرکردنەوە لە سەرچاوەی بوونیان‌و دۆزینەوەی مانای بوونیاندا.

کەواتە خەباتکردن‌و تێکۆشان دژی دین بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، خەبات‌و تێکۆشانە دژی ئەو جیهانەی کە دین بۆن‌و بەرامێکی ڕۆحیی پێدەبەخشێت.

کوێرەوەری‌و ستەمدیدەیی ژیانی مرۆڤەکان لەدیندا ڕەنگدەداتەوە، واتا ستەمدیدەیی دین گوزارشتە لە ستەمدیدەیی واقیع. دین ئارامی‌و پشووی خەڵکی ستەمدیدەو چەوساوەیە، دڵی ئەو جیهانەیە کە دڵی نییە، ڕۆحی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە ڕۆحی نییە؛ بۆیە دین بووە بە ئەفوینی خەڵک.

سڕینەوەی دین، بەو مانایەی کە سەرچاوەی بەختیاری خەیاڵیی خەڵکە، بە مانای داواکردنی بەختیاریەکی کردەیی‌و واقیعیانەی ئەمڕۆیی دێت، بە مانای بەختیاریی دنیایی دێت.

سڕینەوەی دین، داواکردنە بۆ وازهێنان لە خەیاڵ‌و دۆزینەوەی ڕەوشە واقیعیەکەی، واتا چیتر دوای خەیاڵ نەکەوێت، چی لە واقیعی ژیانیدا دەگوزەرێت کار لەسەر ئەوە بکات. ڕەخنەگرتن لە دین، ڕەخنەگرتنە لە بنچینە ئاشکراکەی ستەمدیدەیی مرۆڤەکان کە دین دەیشارێتەوەو مرۆڤ لە چاوەڕوانیەکی بێ هودەدا ڕادەگرێت.

ڕەخنەگرتن لە دین، واتا ڕەخنەگرتن لەو کەلەپچەیەیی کە بە چەپکە گوڵی خەیاڵی داپۆشراوە، لە پێناوی ئەوەی کە مرۆڤەکان بتوانن واز لە کەلەپچەکان بهێنن‌و گوڵە زیندوەکان بچنن.

ڕەخنەگرتن لە دین خەیاڵپڵاویی مرۆڤەکان تێکدەشکێنێت، تا بیربکاتەوە، چالاک بێت، واقیعێکی ڕاستینەو دوور لە خەیاڵ درووست بکات‌و خۆی بگەیەنێتە ئاستی پێگەیشتن‌و کامڵی، واتا خۆی بگەیەنێتە ڕووناکی خۆرە ڕاستینەکە. دین هیچیتر نییە جگە لەو خۆرە خەیاڵیە نەبێت کە بەدەوری مرۆڤدا دەسوڕێتەوە، مادام مرۆڤ نەتوانێت بە دەوری خۆیدا بسوڕێتەوە، ئەوە ناچار خۆرێکی خەیاڵی دینی بە دەوری خۆیدا دەسوڕێنێتەوە.

کەواتە کاتێک دنیای پشتەوەی ڕاستینە دەڕوخێنرێت، ئەرکی مێژووە ڕاستینەی ئەم جیهانە هەڵبسەنگێنێت. ئەمەش بە پلەی یەکەم ئەرکی فەلسەفەیە، کە ڕاژەی مێژوو دەکات، دوای ئەوەی کە توانی داگیرکردنی مێشکی مرۆڤەکان لەلای خەیاڵپڵاویی ئەفسانەو دینەوە تێکبشکێنێت‌و دەمامکە پیرۆزەکە وەلابنێت‌و بیسڕێتەوە، بەم جۆرە ڕەخنە لە ئاسمانەوە گۆڕدرا بۆ ڕەخنە لە زەوی، ڕەخنە لە دین گۆڕدرا بۆ ڕەخنە لە مافەکان، ڕەخنە لە خواناسی گۆڕدرا بۆ ڕەخنە لە سیاسەت.

# هەر عارف نییە مارفیشە!

**موحسین کەریم**



عارف قوربانی، یەکێک لە نوسەران و ڕۆشنبیرانی کوردایەتی، لە چاوپێکەوتنێکدا لە کەناڵی (K24) لە پەیوەند بە هێرشی دەوڵەتی فاشیستی تورکیاوە بۆسەر ناوچە کوردنشینەکانی باکوری سوریا، وتی: دەبێت کورد بۆماوەیەک ببێتە میللەتێکی فاشیست و لەبەرامبەر کوشتنی هەر منالێکی کورد دا ١٠ منالی تورک بکوژین تا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی حسابت بۆدەکات!"

ئەم کاک عارفە خۆی دان بەوەدا دەنێ کە ئەو کارەی ئەو پڕوپاگەندەی بۆدەکات فاشیزمە، بۆیە زۆری ناوێ لەسەری بڕۆین، خۆی دەڵێ کە فاشیستە! فاشیزمیش هەر ئەوە بەرهەم دەهێنێ کە خەڵکی بێتاوان و منال بکوژێت و وەکو بەشێک لە شانازی نەتەوەیی وێنای بکات! ئەوەی کە فاشیستە تورکەکانی سەر بە ئەکەپەو ناسیۆنالیزمی شۆڤینیستی تورکی و بەکرێگیراوە ئیسلامیەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی سوریا لەناوچە کوردنشینەکانی سوریا دەیکەن، دیوێکی دیکەی ئەم فاشیزمە کوردیەی کاک عارفە، بەڵام تەنها کاک عارف نییە کە دنەی فاشیزم دەدات لەناو خەڵکی کوردستاندا، بەڵکو لە بنەڕەتداو بەشێوەی سەرەکی و بەبەرنامە، ئەوە ناسیۆنالیزمی کوردو کوردایەتی و کەناڵی (K24) و میدیای کوردایەتیە کە هانی ئەم فاشیزمە دەدات و فووی لێدەکات!

ناسیۆنالیزمی کوردو کوردایەتی، لەم مەزلۆمیەتەی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا، لەم تاوانەی سوپای فاشیستی تورکیاو نۆکەرانی لە گروپە ئیسلامیە دڕندەو خوێنخۆرەکان دژی ئەو خەڵکە ئەنجامی دەدەن، دەیەوێ نێچیری خۆی بگرێت. فوو بە فاشیزم و شۆڤینیزمدا دەکات تا ئاگری شەڕی نەتەوایەتی خۆش بکات و خۆشی لەسەر ئاکامەکانی دابنیشێت و خۆی بکاتە خاوەنی خەڵکی کوردزمان تا دوکانی کەسابەتەکەی باشتر قەرەباڵغ بکات و دەسەڵاتی فکری و سیاسی بەسەر خەڵکی کوردزماندا زاڵ بکات و بیهێڵێتەوە. ئەوەشی بۆئەوەیە کە خەڵکی کوردزمان لە چینە زەحمەتکێش و چەوساوەکەی بکاتە سوتەمەنی شەڕەکان و کێشمەکێشەکانی لەگەڵ بۆرژوازی نەتەوەکانی دیکە، بۆئەوەی بەشێکی زیاتر لە دەسەڵاتداریتی و لە دابەشکردنی سامان و سەرمایەی بەربکەوێت.

هەر ئەو کەناڵەی کە مایکرۆفۆنی خستۆتە بەردەم عارف قوربانی تا ژەهری فاشیزم بڕێژێت، بە پارەو داهاتی دزراوی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانی عێراق، بە پارووی رفێنراوی بەردەمی منالانی کوردستانی عێراق دەچەرخێت و ئێستاش شێوەنی تیمساحی بۆ منالانی کوردی سوریا دەکات. هەر حزبەکەی خاوەنی ئەو کەناڵە لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتدا سنگی منالان و گەنجانی کوردی "هاوخوێنی!" بەفیشەک هەڵتەکاند کە داوای ژیانێکی ئینسانیان بۆ خۆیان و هاوڵاتیانی کوردستان دەکرد.

ئەم شۆڤینیزمە، ئەگەر بە ڕوالەت ئامانجەکەی منالانی تورکە، بەڵام ئامانجە ڕاستەقینەکەی خودی منالانی کوردو خەڵکی کوردستانە. ئەم فاشیزمە دەیەوێ لەڕێگای هاندان و پەرەدان بە فاشیزم و دڕندەیی و کۆنەپەرستی و کینەتۆزی و دڵڕەقی، هەموو دەنگە ناڕازیەکانی ئەمڕۆ سبەینێی خەڵکی کوردستان کپ و بێدەنگ بکات. ئەوەی کە فاشیزمی مۆسۆلینی و هیتلەر ئەنجامیان دا، سەرەنجام ڕووی لەناوخۆی وڵاتەکەیان بوو، ڕووی لە کۆمۆنیزم و کرێکارو هەموو سیمایەکی یەکسانیخوازی و مرۆڤدۆستی ئەو کۆمەڵگەیانە بوو. دەبێ بەرامبەر بەم فاشیزمە بەرنامە بۆ داڕێژراوەی کوردایەتی هوشیار بین. جێگای ئومێدە کە تائێستا بەچەندین شێوە دژی ئەم فاشیزمەی عارف قوربانی کاردانەوە نیشان دراوە، بەڵام تەنها عارف نییە، مارفیشە. ئاگاداربن!

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# ١٦ ئۆکتۆبەر، پلانێك بۆ بەشکست کێشانی ریفراندۆم

## عەبدوڵا مەحمود

١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، باڵێکی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، باڵی میراتگری تاڵەبانی، دەستیان خستە ناو دەستی سوپاو حەشدی شەعبی و قاسم سلێمانی، بۆ هێرشی چەکداری بۆسەر شاری کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان. لەم کردەوە نۆکەرپیشەیەدا، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ئەو ناوچانە ئاوارەبوون، ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی بێتاوان کوژران و بریندابوون و خەڵکیکی زۆر ماڵ وێران کران و بەدەیان پێشمەرگە ژێر دەبابەخران و کوژران، سەرئەنجامیش شاری کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان لەدەست حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەرهێنران و کەوتنەوە دەستی دەسەڵاتی ڕەشی ناوەند. هاوسەنگی هێز لەنیوان بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی قەومی عێراق بە سودی دەسەڵاتی بەغدا ئاڵوگۆری بەسەدا هات و برگەیەکی نوێ لە لە ململانێی نێوان بەغداو هەولێر دەستی پێکرد.

یەکگرتنەوەی بەرژەوەندی دەسەڵاتی عروبەی قەومی و ئیسلامی شیعی، لەگەڵ باڵی میراتگری مەرحوم!! تاڵەبانی، لەدرێژەی وەستانەوە بەدژی پرسی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستاندا بوو. پرسی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان کە پارتی نەک هەرخۆی پێوە گریدابوو، بەڵکو ببووە ئاڵاهەڵگری، یەکێتی نیشتیمانی کردبووە حزبێکی گوێ رادێر، زەلیل و بێ پرۆژە، بەتایبەتیش دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سەرەکی و سەربازی لەدژی داعش. باڵی تاڵەبانی کە لەدوای تاڵەبانییەوە خۆیان بەمیراتگر و خاوەنی یەکێتی نیشتیمانی دەزانی، ویستیان لە ریگای خۆبەستنەوە بە بەغدا و درێژەدان بە دژایەتی ریفراندۆمەوە، لەلایەکەوە گورز لە باڵە نەیارەکانی ناو تەلاری رێکخراوەیی یەکێتی نیشتیمانی بدەن و لەلایەکی تریشەوە تۆڵەی کردەوەی نۆکەر پیشەیی ٣١ ئاب لەپارتی بکەنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا وەستانەوە بەرووی ریفراندۆمدا، هەوڵی باڵی خۆ بەخاوەنزانینی یەکێتی بوو، بۆ خۆجوتکردن لەگەڵ سیاسەت و پلانی وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە لەوانە عیراق، ئیران، تورکیا بەدژی ریفراندۆم و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستاندا.

١٦ ئۆکتۆبەر... زۆر شتی گۆڕی ئاکامی ریفراندۆم نەبێت. دژایەتی کردنی ئەنجامدانی ریفراندۆم نەیتوانی پرسی راپرسی رابگرێت و نەیشی توانی خەڵکی کوردستان لەبەشداری فراوان لە ریفراندۆمدا، پاشگەز یان سارد بکاتەوە. ریفراندۆم ئاکامیکی سەرکەوتوانەی بەدەست هێناو لەپێش هەموو شتیکیشەوە ئەو ڕاستیەی جێگیر کردەوە، کە خەڵکی کوردستان خوازیاری سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیەتی و ئەم ویستەشی بە کردەوە لە بەشداری لە ریفراندۆمدا بەرجەستە کرد. لەو نێوەشدا پارتی کە بۆ مەبەستی تر ببووە ئاڵاهەڵگری ریفراندۆم، و خۆی بەستەوە بە پرسێکی هەستیاری سیاسی و حقوقی میژووی و ئاڵۆزی کیشەی خەڵکی کوردستانەوە سەرمایەکی گەورەی سیاسی بۆخۆی پاشەکەوت کرد و پارسەنگی هێزی لە گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا، بەسودی خۆی ئاڵوگۆر بەسەداهێناو پاشەکشەی بە پێگەو جێگاو ڕیگای هەموو حزبەسیاسیەکانی تری ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، کرد. ئەم ئاڵوگۆرە لە پێگەی پارتی بە زیانی یەکێتی و هەموو حزب و لایەنەکانی تر، باڵی خۆبەخاوەنزانینی یەکێتی و توندڕەوی ناو یەکێتی لەخەوێکی قوڵ و شکستێکی گەورە بێدار کردەوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە ئەم باڵە ویستی بەخۆ بەستنەوە بە دەسەڵات بەغداو نیشاندانەوەی عادەت پیشەیی بۆ ئیران و تورکیا، بەشداری لە هێرش بۆسەر ناوچە کیشەلەسەرەکانی کوردستاندا، هەم پارتی توشی شکست بکات و هەم ئاڵای وەستانەوە بەدژی پارتی و سیاسەتەکانی و دارشتنی نەخشەی ململانێی ئایندە لەگەڵ پارتیدا، بەدەستەوە بگرێت، بەڵام ئەمە بەنرخی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ریفراندۆم و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کورستاندا بووە هۆی ئەوە باجەکەش هەر ئەو باڵە نۆکەر پیشەییە بیدات.

ناوچە کێشە لەسەرەکان و کەرکوک و کە ناوچەو پیگەی جەماوەری یەکێتی" قودسی کوردستان"ی تاڵەبانی مەرحوم بوو!!" نەک بۆ کاتێکی کورت کە سەرانی پیشلەشکری یەکێتی



کاتی هێرشەکە رایانگەیاند، بەڵکو بە تەواوەتی لە دەست یەکێتی، دەرهێناو بوای وینەگرتنی سێلفیش بۆ ئاراس تاڵەبانیەکانی بنەماڵەی تاڵەبانی لەو ناوچانە نەما.

١٦ ئۆکتۆبەر، نەبوو بەخێر بەرەکەت بۆ باڵی نۆکەر پیشەیی یەکێتی، و ئاکامی ریفراندۆمیشی پێ زیندەبەچال نەکرا. پارتیش وەکو هێزێکی سەرەکی لەگەڵ ئەوەدا پێگەو قەڵەمرەیەکەی گورزێکی کاتی بەرکەوت، و بەشێک لەدەسەڵاتەکانی لە پرسی حکومەتداریدا لێسەندرایەوە، بەڵام لەسەر سەرمایەی سیاسی کە بەخۆبەستنەوە بە ریفراندۆم و پرسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بەدەستی هێنابوو، لەچاو یەکیتی و باڵی خۆشخزمەتچی یەکێتیدا، توانی باڵانس و پێگەی سیاسی خۆی لە کوردستاندا بەدەست بهێنێتەوە و دووبارە بریاردان لەسەر پرسە سیاسیە چارەنووسازەکان، چ لە ئاستی عیراق و کورستان و ناوچەکەدا، بەدەستەوە بگرێت و لەسەر ئاستی کایەی دیموکراسی بۆرژوایی و هەڵبژاردن!! ...تاد... براوە بێت.

ئێستا کە دووساڵ بەسەر پرسی ریفراندۆم و کردەوەی نۆکەرپیشەیی باڵی میراتگری تاڵەبانی تێپەر دەبێت... یەکێتی لەهەموو بارێکەوە چۆتە دواوە. پارتیش لە هێرشی بەردەوامی سیاسی و جێ قایمکردنی زۆتری خۆیدایەو هەنگاوەکانیشی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە زۆنی سەوزو نیلیدا دەستپێکردووە. پارتی بەو جێگاو رێگا تازەیەوە کە بەدەستی هێناوە، نەک دەستی حزبە سیاسیەکانی تری لە ئاستی هەرێم و ژێر سایەی خۆیدا کورت کردۆتەوە یان کردونی بە پاشکۆی سیاسەتەکانی خۆی، بەڵکو ئێستا ڕێگری لە سیاسەت و پرۆژەو نەخشەکانی یەکێتی لە زۆنی سەوزو پیگەی جەماوەری یەکێتیشدا دەکات. وە هەموو جومگە گرنگ و بڕیاردەرە گرنگە سیاسی و چارەنووسازەکانی لەدەست خۆیدا مۆڵ کردووە.

هەموو ئەم واقعیەتانە، شکستی یەکیتی بەگشتی و باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی بەتایبەتی بەیان دەکات، لەوەش واوەتر مایەپوچ بوونی نەخشەی نۆکەر پیشەیەکەی یەکێتی بۆ عێراق و ئیران نیشاندا. ئەگەر پارتی لەنۆکەر پیشەیی خۆی لە ٣١ ئابدا، توانی باڵانسی هێزو قەڵەمرەوی سیاسی خۆی لەبەرامبەر یەکێتیدا دابسەپێنیت و بیکاتە ئەمری واقعی کوردستان و یەکێتی و هێزەکانی تریش ناچار بکات، ئەو تاڵاوە بچیژن. ئەوا یەکێتی بەهۆی ١٦ ئابەوە، بووە قوربانییە سەرەکیەکە و دۆڕاو لە گەمە و پیشبرکێی و کرێگرتەیەدا.


خەڵکی کوردستان، دوای دووساڵ بەسەر کردەوەی عادەت پیشەیی یەکێتی" باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی" بۆ سوپای عێراق و سلێمانی قاسمیانی و ئیران و بەهێزبوونی پێگەی پارتی، ئێستا دوو راستی ئەزموونکراویان لەبەردەستە کە دەشێ ببێتە سەرمایەی سیاسی بۆ داهاتوویان. یەکەمیان: چ پارتی و چ یەکێتی بۆ راگرتنی باڵانسی نێوانیان و جەنگی باڵادەستی لە کوردستاندا، سڵ لە هیچ کرێگرتەیی و نۆکەرایەتیەک ناکەنەوە، دەیان جاری تریش ئامادەن، ئەو رێگا شەرماوەرە بگرنە بەر. دووەم: گەرانەوەی پارتی بۆ بەغداو پشتکردنە ئاکامی ریفراندۆم، دیسان ئەوەی نیشاندا کە پارتی ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی و وڵاتێکی سەربەخۆ بەدەستەوە نەگرت، بەڵکو بۆ ئەوەی بوو لەلایەکەوە کێشەی کورد بە ریفراندۆمەوە بکاتە کارتی سات و سەودای داهاتوو لەگەڵ بەغداو وڵاتانی ناوچەکەو لەلایەکی تریشەوە شکاندنی زۆرتری یەکێتی و پاشەکشەپێکردنی و تەسلیم کردنی هێزەکانی تری بۆرژوازی کوردیش بە دەسەڵات و حکومدارییە کۆنەپەرست و سەرکوتگەریەکەی.

ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتێکی پارێزەری سەرمایە، کەهەموو لایە سیاسیە بۆرژوازییەکانی لەناو کابینەی نۆهەمدا کۆکردۆتەوە، و درۆی ئۆپۆزیسیۆنیشی خستۆتە روو کە پێشتر بانگەشەی شەفافیەت، و چاکسازی و گۆرانکاریان دەکرد. ئێستا هەموو ئەو هێزانە، لەگەڵ پارتی خاوەنی لە ٣١ ئاب و ١٦ ئۆکتۆبەردا، دەستیان لەناودەستی یەکترەو بەخۆبەستنەوەشیان بە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و چاو برینە بەغدا، پەیامی دریژەدان بە ٣١ ئابەکان و ١٦ ئۆکتۆبەرەکان، رادەگەیەنن.

**١٦ ئۆکتۆبەر، نەبوو بەخێر بەرەکەت بۆ باڵی نۆکەر پیشەی یەکێتی، و ئاکامی ریفراندۆمیشی پێ زیندەبەچاڵ نەکرا**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# تێکۆشان دژی فاشیزم بەر بەجەنگ دەگرێت



عبدالرحمن رسول

یاساکانی فاشیزم مرۆڤایەتی ناناسێت. لەڕووداونی جەنگ و شەڕەکان تەنها بیر لەپاراستنی دەسەڵات و سیستەمی زاڵبوون دەکرێت، نەک پاراستنی کەرامەت و بەهاونرخی مرۆڤەکانی مرۆڤایەتی. لەبەشێک لە شەڕو جەنگەکاندا یاساکانی دژە ئینسانی فاشیزم بەکاردێت و جێبەجێ دەکرێت کە قوربانیکردنی مرۆڤەکانە و زۆر کۆمەڵکوژی وئاوارەیی لێدەکەوێتەوە. هەموو جەنگ و شەڕەکان کارەساتبارن و ژینگە ومرۆڤایەتی لەناو دەبن. لەناو جەنگەکانیدا جەنگێک بەڕەواتر دەزاندرێت ئەویش لەناچاری دایە بەهۆی چەوسانەوە وبێمافی ونایەکسانی ونابەرابەری و جیاوازی چینایەتییە. لەئەنجامی زیادبوونی سەرکوت و زیادبوونی ئەشکەنجەو ئازاری مرۆڤەکانەوەیە، مرۆڤەکان پەنا بەشۆڕش وجەنگ دەبەن بۆ ڕزگاری بەدەستهێنانی نان، کار ،ئازادی بۆ هەمووان.

لەسەرەتایی مانگی ١٠ی ٢٠١٩ ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و هەژار کە زۆر بەهێز وپڕکاریگەر بوو لەبەغداد وشارەکانی تری عێراق ئەنجامدرا، ئەم ناڕەزایەتییانە زیاتر لەدژی ئەنجامدانی گەندەڵی ودزی و بەفیرۆدانی پوڵ وسامانی گشتی عێراق لەلایەن بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی عێراقەوە و لەدژی هەبوونی سوپاو هێزی بێگانە لەعێراق ئەنجامدرا. خەڵکی ناڕازی ڕاشکاوانە داوای دەرکردنی هێزەکانی ئێرانی دەکرد لەعێراق، داوای دەست لەکارکێشانەوەی بەرپرسەباڵانی دەوڵەتی دەکرد، داوای کۆتاییهێنان بەدزی و گەندەڵی وهەژاری وبێکاری دەکرد، خەڵک داوای دابینکردنی خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا و دابینکردنی کارو بیمەی کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری و نان، کار، ئازادی دەکرد. بەهۆی ئەو سەربەخۆیانەی خەڵکە هیچ حیزب و دەوڵەتێکی لەپشتەوە نییە. ئەوەی کە دەگووترێت فلان دەوڵەتەی لەپشتە تەنها بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی تاکی خەڵکی ناڕازی لەچەوسانەوەیە وهیچی تر، بەڵام ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ناڕازی بەهێزترە لەوان بۆیە، خۆپیشاندان باشترە بەرەو ئاسۆی نوێ وتێکۆشانی باشتر هەنگاودەنێت. خەڵکی عێراق وشیارە دەزانێت چەندین ساڵە بەهۆی بەردەوامی سیاسەتی بازرگانی حیزبە قەومی و دینییەکانەوەیە عێراق پەلکێشی شەڕو ئاوارەیی کراوە، هەژاری و بێکاری و کێشەو قەرانەکانی خەڵکی عێراق بەردوامە و بەردەوامیش دەبێت هەتا ئەوجۆرە سیستەمە چەوسێنەرە دینی و قەومی بمێنێت لەسەر دەسەڵات. ڕاستییەک هەیە ئەویش ئەوەیەکە لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی عێراق بەسەرۆکایەتی سەدام حسێن وحیزبی بەعسی فاشیزم، بەهاتنە سەر دەسەڵات لەلایەن حیزبەکانی شیعە مەزهەب و قەومییەکانەوە کۆمەڵگەی عێراق و باشووری کوردستان زیاتر بەئاسانی چووە ژێربەڕێوەچوونی سیاسەتەکانی دەوڵەتی فاشیزمی ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی تورکیاوە، بەمەش ئامانجەکانی ڕاپەڕینی خەڵکی ناڕازی عێراق و زۆر بەتوندی دژایەتی کراوە، چونکە سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕین وناڕەزایەتییەی خەڵکە پاشەکەشە بەگەشەی فاشیزمی ئیسلامی ئێران دەکات هەربۆیە ئەم ڕژێمە فاشیستە ئیسلامییە هێزی تیرۆریستی دەنێرێت بۆسەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی عێراق کە زیاتر لە٢٥٠ کەس دەکەنە قوربانی و خەڵکی زۆریش بریندار دەکەن لەزۆرێک لەگرتە ڤیدۆیەکاندا زۆر جوان دیارە کە خەڵکی کرێکارو هەژار خەڵتانی خوێن کراوە ولاشەکە دەوێتە سەر شەقام. ئەمە تەنها ترسی دەسەڵات لەخواست و داواکاری خەڵکی عێراق نییە کەجێبەجێی بکەن، بەڵکو ئەمە ترسە لەگەشەی شۆڕشی کرێکاری وجەماوەری خەڵکی چەوساوەی عێراق و پاشان ڕووخانی ئەو جۆرە دەسەڵاتە چەوسێنەرەیە. چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەم جۆرە تێکۆشانە جەماوەرییە دەگوازرێتەوە بۆ ئێران هەروەها بەپێچەوانەوەشەوە ڕاستە. دواتر لەجێبەجێکردنی پلانێکی فراوانتری نێودەوڵەتیدا نەخشە ڕێگای سەرکوتی گەشەی ڕەوتی ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی دەکرێت. بۆئەوەی چیتر خەڵکی عێراق و باشووری کوردستان چاویان لەسەر تێکۆشانی یەکگرتووانەی جەماوەری خەڵکی

**خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لەناوخۆی تورکیا زۆر گرینگ و پێویستە، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر دەوڵەت. فەرامۆشکردنی ناوخۆی تورکیا کاریگەری زۆر خراپی هەیە لەبەرژەوەندی خەڵکی خۆرئاوای کوردستاندا .....**

خۆپیشاندانانەی خەڵکەوە بەرپرسانی دەوڵەت بەتەواوی شپرزە ببوون مەترسی ئەوەیان لێنیشتبوو کە خەڵک حکومەتی عێراق دەڕوخێنێت. لەئەنجامی ئەمەدا دەوڵەتی ئیسلامی ئێران زیاتر لە ٤٥٠٠ کەسی لەسوپا تیرۆریستییەکەی ڕەوانەی عێراق کرد بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی عێراق. بەهۆی تەقەکردنی هێزەکانی ئێرانەوە لە خەڵکی خۆپیشاندەرو ناڕازی شارەکانی عێراق لەماوەی یەک هەفتەدا ٢٥٠ کەس بوونە قوربانی و چەند هەزار کەسیش بریندارکران و خرانە بەندینخانەکانەکانی عێراقەوە کەهەتا ئێستا کەسیان ئازاد نەکراون. جیاوازی ئەم خۆپیشاندانانەی عێراق لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ڕابردووی خەڵکی عێراق ئەوەبوو کە خەڵکی ناڕازی خۆپیشاندەر لەژێر ڕێنمایی وئامۆژگاری هیچ سەرکردەو سەرۆکێکی (حیزبی و مەرجعێکی دینی و عەشیرەتی دا) نەبوو. وێنە و دروشمە کۆنەپەرستەکانی ئەوانی بەرزنەکردەوە و نەگووتەوە.

کەواتە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی باشووری کوردستان بەلاڕێدابراوە لەلایەن حیزبە قەومی و دینییەکانەوە. هەرلەبەر ئەمەشە کێشەو قەیرانەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکارو چەوساوەی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان جارێکی تر نەک دروستبووە، بەڵکو زۆر گەورەترو قەیراناوی تر بەرۆکی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و کرێکاری عێراق و کوردستانی گرتەوە. نابەرابەری و سەرکوت و بێکاری و هەژاری گەشەی کرد، بەجۆرێک کە ناخی کۆمەڵگەی هەڵتەکاند. دەرئەنجامی گەشەی قلشتی چینایەتی و زیادبوونی سەرکوت و هەژاری لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە سەر هەڵدانی ناڕەزایەتی زیاتری خەڵکی کرێکار و چین و توویژەکانی شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئێران ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە بۆ سەرهەڵدان و هاتنەکایەوە ئەم جارەی ناڕەزایەتییانەی شارەکانی عێراق. ئەگەر سەیری ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارەی عێراق بکەین سەربەخۆیانەو دوور لەدەستی مەرجعە دینی ونەتەوەی و حیزبی یەکانەوەیە. هەربۆیەش ناڕازی نەبێت. پێشتر کە ناڕەزایەتییەکان بەجۆرێک بوو لەبەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکەو سەرمایەداری دابوو بەئاسانی دەیان توانی لەبەرژەوەندی خۆیان ئاراستەی ناڕەزایەتییەکان دیاری بکەن، بەڵام ئەمجارە جیاوازە. لەهەمان کات و ساتدا سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی هێزکانی دەدات لەکوردستانی سووریا، کە هەموو لایەک باش دەزانن خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆر قوربانی داوە لەشەڕی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئیسلامی داعش. خەڵکی ئەم ناوچەیە بەهەق زۆر ماندووە، ڕاستگۆیانە داکۆکیان لە ئازادی ومافەکانی مرۆڤ کرد، کاریگەری زۆر باش وسوودبەخشی لەچاوشوێنەکانی تری سووریا و عێراق بەجێ هێشتووە، ئەمەش بەدەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی قبوڵ ناکرێت. بەدڵنیاییەوە ژێر بەژێرو لەژێرەوە بەنهێنی پلان ونەخشەی لەناوبردنی ئەنجام دەدەن. ئەوە دەوڵەتی تورکیا بوو پەیوەندی بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و ڕێکخراوە توندڕەواکانی تر هەبوو، بازرگانی لەگەڵ دەکردن، ئەوە دەوڵەتی ئیسلامیی ئێرانە بەدرێژایی تەمەنی هاوکاری ماددی وسەربازی پێشکەش بە ڕێکخراوە توندڕەو تیرۆریستە ئیسلامییەکان دەکات، بەڵام دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهانی لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان درێژە بە دۆستایەتی دەوڵەتی ئێران و تورکیا دەدەن. لەگەڵ دەرکردنی بڕیاری دۆناڵ ترامپ سەرۆکی ئەمریکادا، دەوڵەتی فاشیزمی تورکیا بڕیاری هێرشکردنە سەر کوردستانی سووریا دەدات جێبەجێی دەکات، ماوەی چەند ڕۆژێکە سوپای دەوڵەتی فاشیزمی تورکیا هێرشی کردۆتە سەر ڕۆژئاوایی کوردستان واتە کوردستانی سووریا کەلەئەنجامدا خەڵکێکی زۆری هاوڵاتی ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە کراوتە قوربانی وبریندارببووە و ئاوارەبووە. هەموو ئەمانە لەئەنجامی بڵاوکردنەوەی چەند ڕستەیەکی سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترمپەوە هات کە بڕیاری دا سوپا ئەمریکا لەخۆرئاوای کوردستان بکێشێتەوە. بەمەش دەوڵەتی تورکیا هەلەکەی قۆزتەوە هێرشی سەربازی وئاسمانی کردە سەر خۆرئاوایی کوردستان لەسووریا. پێویستە باشتر وسیاسیانەتر سەیری ڕووداوە دروستکراوەکان بکەین. لەپەرلەمانی تورکیاوە بڕیاری هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر کوردسانی سووریا دەدرێت، بەڵام دواتر کاردانەوەی خۆپیشاندنی جەماوەری نابێت لەئەستەمبوڵ وئەنکەرە و شارەکانی باکووری کوردستان لەدژی ئەوبڕیارە دژەبەشەری یە. ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆو سەرۆکی شارەوانی ئەستەمبوڵ بەربژێری براوەی ( JHP ) و !!( HDP کەبەدەنگی کوردانی ئەستەمبوڵ سەرۆکایەتی شارەوانی ئەستەمبوڵی بردەوە لەتویتەکەی خۆی پشتیوانی لەشکرکێشی داگیرکاری تورکیا ئەکات. ئەی ئەو خەڵکەی دەنگی بۆ داوە کەبێتە سەرۆکی شارەوانی ئەستەمبوڵ لەپارتی دیموکراتی گەلان بۆ نارژێنە سەرشەقامەکان لەدژی جەنگ؟!! بەگوێرەی هەواڵەکانی ڕاگەیاندن ٩٠٠٠٠ ( نەوەد هەزار ) مەلای ئەردۆگانی لە نەوەد هەزار مزگەوتی تورکیادا بە دەستپێکردنی خوێندنەوەی صورەتی فەتح بانگەوازییان بۆ جیهاد دژی کافرەکانی کورد دەرکرد و دوعایان کرد کە خوا ئەردۆگان بەسەر کورددا سەربخات و جەنگەکەیان بەناوی سوپای محمد بەسەر کافراندا ناوزدە کرد و پیرۆز کرد. ئەمە نیشانەی بانگەشەی پشتیوانی فاشیزم وتیرۆریزمە... پێویستە پارتی دیموکراتی گەلان کە بانگەشەی مافی مرۆڤ و مافی کورد لەتورکیا دەکات شانبەشانی خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی ناوخۆی تورکیا دەست بەچالاکی

بۆ لاپەڕە 11



# پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن
بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com



# توندوتیژی سێکسی چییە و کاریگەریە دەروونی و جەستەیەکانی چین لەداهاتودا لەسەر ئافرەتان؟

## نووسینی: شوانە حەسەن

هەمیشە لەکۆمەڵگەی کوردیدا کە باسی توندوتیژی دەکرێت باس لە فۆڕمە جیاوازەکانی تری توندوتیژی دەکرێت، وەک توندوتیژی جەستەیی یان دەروونی یان زارەکی و... کاتێکیش باس لە توندووتیژی سێکسی دەکرێت، زۆر کەم باس لەو فۆڕمە لە توندووتیژی سێکسی دەکرێت کە لە لایەن شەریکە سێکسییەکانەوە وەک هاوسەر و هاوژیان یان ڕەفیقەکوڕ (Boy Friend)ەوە ئەنجام دەدرێت. لەم ڕانانەدا باس لە چەمکی توندوتیژی سێکسی دەکرێت لە لایەن هاوژیانەکانەوە بۆ سەر ژنان.

دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا، ئەمڕۆکە بووە بە پرسێکی جیدی کۆمەڵایەتی و کێشەیەکە لە بواری تەندروستی گشتی و دەروونیدا. تا چەند ساڵ لەوە پێش تەنها لەهەندێ لە وڵاتان ئەویش بە شێوەی سنووردار باسی لێوە دەکرا. جگە لەوەی بە تاوان نەدەزانرا، بەڵکو و کەس ناوی دەستدرێژیشی لێ نەدەنا.

بە درێژایی مێژوو، ئەو پیاوانەی دەستدرێژیان کردۆتە سەر ژنەکانیان لە بەرامبەر سزای یاساییدا پارێزراو بوون. بە پێی یاسای دادوەری پلەبەرزی بەریتانیا لە سەدەی ١٧ی زایینیدا، ئاغای ویلیام هیک، دەڵێ: ناکرێت مێرد سزا بدرێت لەبەرئەوەی دەستدرێژی کردۆتە سەر ژنی خۆی. لەبەرئەوەی بەپێی گرێبەستی ژیانی هاوسەرێتی و بە ڕەزامەندی، ژنەکە خۆی بە تەواوی دەخاتە بەردەستی پیاو.

ئەم بۆچوونەی ویلیام هیل کە وەک (دۆکترینی هیل) دەناسرێت، بە شێوەی فەرمی لە سیستەمی یاسایی بەریتانیا و ئەو وڵاتانەی کەداگیری کردبوون و هەروەها لە باکووری ئەمریکا کاری پێدەکرا. پێشتر کەسێک بە ناوی بلاک ستۆن وتبووی کە ژن بەشێکە لە ملکی پیاو لەو ماوەیدا کە ژن و مێردن. بە پێی ئەم تێڕوانینە، مێرد تاوانبار نییەو بە هەر شێوەیەک بیهەوێت دەتوانێت لەگەڵ کاڵاکانی خۆیدا ڕەفتار و هەڵسووکەوت بکات و بەکاریان بێنێت. کەس بە هۆی دەستدرێژی و بەکارهێنان یان خەسار گەیاندن بە کاڵا و ملکی خۆی بە تاوانبار نازانرێت.

چەمکی دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێرددا دەکرێت بڵێین تا سەردەمی "بزووتنەوەی ژنان بۆ گۆرینی سیستەمی یاسایی" لە دەیەی ١٩٧٠ بە جیدی نەهاتە بەر باس. بە هەوڵ و کۆششی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لە ئەمریکا و بەتایبەت خاتوونێک بە ناوی لارا ئێکس، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٧٩٧ لە ئەیالەتی کالیفۆڕنیا پیاوێک بە تاوانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنەکەی بە تاوانبار ناسرا. لە ئێستادا یاسای "قەدەغەبوونی دەستدرێژی سێکسی لە ژیانی هاوسەریدا" لە ئەمریکا و بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەورووپایی بە فەرمی ناسراوەو کاری پێ دەکرێت. بەفەرمی ناسینی ئەم یاسایە لە لایەن دەوڵەت و سیستەمی یاساییەوە لەم وڵاتانە بووە بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتەکان بە شێوەی جیدیتر کێشەکانی تایبەت بەم بوارە لەبەرچاو بگرن و بوودجە و سەرمایە تەرخان دەکەن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکادێمیک لەم بوارەدا.

تیۆرییەکانی سەر بە فێمنیسم، بونیادگەرایی و دەوری جێندەر لە کۆمەڵایەتی بوونی کەسەکان، سێ تیۆری ئاوانگارد و پێشەنگن کە لە زۆریەک لە لێکۆڵینەوە زانستی و ئاکادێمییەکانی تایبەت بە بە دەستدرێژی سێکسی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتییەدا بەکار دەبرێن. بونیادگەرایانی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێرددا، ڕەنگدانەوەی حەزی پیاوە بۆ زاڵ بوون بەسەر ژندا و پاراستنی هێزی نەریتیانەیان بۆ پارێزگاری لە خۆیان و پارێزگاری لەو شتەی کە خاوەنداریتی دەکەن.

خاوەن ڕایانی دەور و نەخشی جێندەر لە کۆمەڵایەتی بوونی کەس لەسەر ئەو باوەڕەن دەستدرێژی لە پەیوەندی ژن و مێرددا، لە داسەپاندن و قبووڵکردنی باوەرە نەریتییەکانەوە بۆ دەوری ژنەکان لە پەیوەندی سێکسیدا سەرچاوە دەگرێت. بە پێی ئەم ڕوانینە، دەور و نەخشە نەریتییە جێندەرییەکان فێری پیاوان دەکات کە دەوری جێندەر یان ڕەگەزی بەهێزتر بگێڕن و بە زۆری هێرشبەر بن و بە پێچەوانەوە ژنان ملکەچ و بێ کردە بار دەهێنرێن.

**کاریگەرییە دەروونییەکان:**

خەمۆکی بوون (Depression)یەکێکە لە کاریگەرییە دەروونییەکانی دەستدرێژی لە پێوەندی سێکسیدا. قوربانییەکان تووشی کۆمەڵێک کێشەی قووڵ دەبنەوە لەوانە، خەمۆکی بوون، تێکچوونی باری دەروونی دوای ڕووداوەکە ترس لە کۆمەڵگە، تێکچوونی ڕەفتاری سێکسی. هەروەها قوربانییەکان تووشی کۆمەڵێک کێشەی تر دەبنەوە وەک سەرکۆنە کردن و خۆبەتاوانبار زانین، هاتنەخوارەوەی متمانە بەخۆ و بە جەستەی خۆ، نەبوونی بڕوا بە خۆبوون، بێزاربوون لە پیاوان و پەیوەندی سێکسی. ژمارەیەکی زۆری لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە لە لایەن شەریکە سێکسییەکانیانەوە، زۆر کەمتر لەو ژنانەی دەستدرێژی جەستەییان کراوەتە سەر متمانەیان بە خۆیان هەیە. ئەو ژنەی دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر متمانەی بە خۆی نامێنێت نەبوونی بڕوابەخۆبوون (Self- Confidence)هۆکارە بۆ گۆشەگیری و خۆپەراوێزخستن. هەروەها لێکۆڵینەوەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دەستدرێژی سێکسی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا، یان لە پەیوەند لەگەڵ شەریکە سێکسییەکان، دەبێت بەهۆی دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکە لە لای قوربانی.

**کاریگەرییە جەستەییەکان**

ئەو ژنانەی کە لەلایەن هاوسەر یان شەریکە سێکسییەکانی خۆیان وەک ڕەفێقە کوڕ (Boy Friend) دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەریان، باری دەستدرێژییەکە زۆر قورسترە لەسەریان لەچاو ئەو ژنانەی کە لە لایەن کەسانی نەناسراو و بێگانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان. جیاوازی لە ئاستی توندووتیژییەکە و جۆری ئازارێکە کە پێیان دەگات. ئەو کەسانەی کە لەلایەن هاوسەر و شەریکە سێکسییەکانیانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، زیاتر لەبەردەم مەترسی ئازاری جەستەیی و ئازار گەیشتن بە شوێنە هەستیارە سێکسییەکانی جەستەیاندان. زیاتر لە ژنانیتر کە لە لایەن بێگانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان نیشانە و ئاسەواری دڕین، بریندار بوون و... بە جەستەیانەوە دیارەو هەندێجار پێستیان بریندار دەبێت و بەم شێوەیە ڕووبەڕووی ئازاری جەستەیی دەبنەوە کە کاریگەری ڕۆحی هەیە لە سەریان. ژمارەیەکی زۆر لە ئازارە جەستەییەکان وەک سک ئێشە، ئازارە باوەکانی تایبەت بە نەخۆشیە ژنانەکان، ئازاری سمت، خوێن بەربوونی زێ(Vagina) ، پەیوەندی سێکسی بە ئێش و ئازارەوە، لەباربردنی مناڵ، ئیلتهابی میزڵدان، بەئازارەوە میزکردن، خوێن بەبوونی دواوە (Seat) و نەخۆشییە باوەکانی ڕیخۆڵە لەو ژنانەدا بینراوە کە لەلایەن کەسانی نزیکەوە، واتە شەریکە سێکسییەکانەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر.

# قوربانیانی توندوتیژی و namووس پەرستی...

* بەرواری ١٦/١٠/٢٠١٩ ژنێکی تەمەن هەڤدە ساڵ لەشارۆچکەی سەروچاوەی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین، کەخاوەنی مناڵێکە لە ڕێگای پەتەوە خۆی هەڵواسیوەو کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە....دەوترێت پەراو بۆ دۆسیەکەی کراوەتەوە...




بەرواری ٩/١٠/٢٠١٩ لە شارۆچکەی تەق تەق، کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ کە قوتابی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بوو، بەناوی "م، ی" بەچەکی جۆری تاپر کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا... دەوترێت لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەکرێت.

**هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بکەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا..**

# هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

## ڕژانە سەرشەقامی هەزاران جەزائیری دژ بە پرۆژە یاسای تازەی سووتەمەنی



ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی ئۆکتۆبەر ٢٠١٩ جەزائیریەکان ڕژانە سەرشەقامەکانی پایتەخت، بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر پرۆژە یاسای تازەی سووتەمەنی. ئەم یاسایە ڕەنگە کۆماپانیا نەوتیەکانی بیانی ڕووبەرێکیان دەستکەوێت بۆ پاڵاوتن و ببنە خاوەنی نەوت لەکاتی دۆزینەوەیدا. خۆپیشاندەران کە ژمارەیان بە هەزاران دەبوو شیعاری" گەل ئەم یاسایە ڕەتدەکاتەوە"یان بەرزکردبۆوە. لەنزیک بە تەلاری پەرلەمان کۆببونەوە، کە بڕیاربوو ئێوارەی ئەو ڕۆژە پرۆژە یاساکە تاوتوێ بکەن.

پتر لە هەزار کەس لە پایتەختی جەزائیر خۆپیشاندانیان ڕێکخست بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر یاسایەکی تازەی سووتەمەنی کە بڕیار وایە ئێوارەی ئەمڕۆ ئەنجومەنی وەزیران تاوتوێی بکەن. بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی، پێیان وایە مانای ملکەچکردنە بۆ کۆمپانیا بیانیەکان.

لە ٢٢ی شوباتەوە لەجەزائیر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی بەرێکەوت کە لەئەنجامدا سەرۆک عبدالعزیز بوتفلیقە ناچار کرا دەست لەکاربکێشێتەوە لە نیساندا، دوای ٢٠ ساڵ لە حوکمڕانی. تاوەکو ئێستاش ئەو وڵاتە هەفتانە لە ڕۆژەکانی سێشەممە و هەینی خۆپیشاندان بە خۆوە دەبینێ و داوای لابردنی ڕژێم دەکەن.

خۆپیشاندەران دەستەواژەی" خائین، وڵات دەفرۆشن" و " یاسای سووتەمەنی بۆ زبڵدان" و" گەل ئەم یاسایە ڕەتدەکاتەوە" یان دەگووتەوە. گردبوونەوەکە لەنزیک تەلاری پەرلەمان ڕێکخرابوو، پۆلیس ئەو ڕێگایانەی گرتبوو کە بۆی دەچوو. ناوەڕۆکی پرۆژەکە ماوەی چەند هەفتەیەکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

بەپێی ئاژانسی هەواڵەکانی جەزائیری فەرمی بێت، وەزیری وزە محمد عرقاب لە هەفتەی ڕابردووە گفتوگۆی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکان دەستپێکردوە. قسە لەسەر بوونی دوو خاڵی گرنگ دەکرێت کە دەبێت کاری لەسەر بکرێت بۆ چاکردنی لە یاساکەدا.

جەزائیر بری ١,٢ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەم دێنێت. داهاتی سووتەمەنی ڕێژەی ٩٥٪ ی داهاتی دەرەکیە و بەشدارە لە دابینکردنی ٦٠٪ ی بوودجەی وڵات.

محمد یەکێک لە خۆپیشاندەران کە تەمەنی لە ٥٠ کاندایە لە ناو ئاپۆرەی چەپڵەدا دەیگووت" ئەگەر ئەم یاسایە تێپەڕێندرێت، دەبێت ناوی هەموو ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە دەنگیان بۆداوە ئاشکرا بکرێن، بۆئەوەی کاتێک وڵات سەروەری خۆی بەدەست دێنێت دادگایی بکرێن".

گردبوونەوەکە ژن و پیاوی لە هەموو تەمەنەکان و خوێندکاری زانکۆ و فەرمانبەر و بێکارانی لەخۆ گرتبوو، و حکومەتیان تاوانبار دەکرد بە بێکارکردنی کرێکاران لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە. لەسەر یەکێک لە لافیتەکان نووسرابوو" بە دەرەوە دەڵێین"جەزائیر بۆفرۆشتن نیە " یاسای سووتەمەنی، یاسای شەرمە".

" دەوڵەت ڕووبەرێک دەبەخشێ بەو کۆمپانیانە بۆ پاڵاوتنی نەوت و هەر شتێکیشیان دەستکەوێت دەبێتە موڵکی خۆیان". بەمجۆرە ئەو بەخشینە دەبێتە هۆی خاوەندارێتی یەدەگی ئەو بیرەی کە لێیانداوە ،نەک تەنیا بڕی ئەو نەوتەی دەریدەکەن!" ئەمەش بەپێی قسەکانی حسێن ماڵتی پسپۆر لە بواری وزە و یارمەتیدەری جێبەجێکاری کۆمپانیای نەوت و گازی جەزئیری" سوناتراک". لەلایەن خۆیەوە علی کفایفی بەرپرسی پێشوو لە وەزارەتی وزە گووتی" کۆمپانیا بیانیەکە دەتوانێت نەوتەکە بکاتە موڵکی خۆی، بەڵام تەعویزی تێچوونەکە و بەشکردنی قازانجەکە لەژێر ڕکێفی کۆمپانیا بیانیەکە دەبێت".

ژنێکی خۆپیشاندەر بەناوی سعدیە بن شریف حکومەتی بەوە تاوانبارکرد " گرێبەست و ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتان و کۆمپانیا بیانیەکان،" نەوت و گازی بەردیان پێدەدەین، لەبەرامبەردا بێدەنگبن لە پشتیوانی بزووتنەوە نارەزایەتیەکان"

ساڵی ٢٠١٥ ناوچەی عین ساڵح لە بیابانی جەزائیر( ١٥٠٠ کم لە باشووری پایتەختی جەزائیر) خۆپیشاندان بەدژی دەستبەسەراگرتنی گازی بەردی کرا، دوای ئەوەی "سوناتراک" سەرکەوتووبوو لە لێدانی یەکەم بیر لە کۆتایی ٢٠١٤. خۆپیشاندەران دژ بەدەرهێنانی گازی بەردی بوون لە ترسی پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی.

بەپێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جەزائیر، شارەکانی دیکەش خۆپیشاندانی هاوشێوەیان بەخۆوە بینیوە.

## قەیرانی نان لە لوبنان بەدوای قەیرانی دۆلار



ئەنجومەنی جێبەجێکاری نەقابەی کرێکارانی نانەوا لە بەیروت و جبل لوبنان ڕایانگەیاند کە "قەیرانی دۆلار قورسایی دەخاتە سەر هاوڵاتیانی لوبنانی بەتایبەت خەڵکی خاوەن داهاتی کەم و سنووردار و کرێکارانی نانەوا و فرنیەکانی نان دروستکردن. ئاماژەی بەوەدا کە کێشە و قەیرانی نێوان دەسەڵات و خاوەن کارەکان لە کەرتی سووتەمەنی بۆ کەرتی کارگەی ئاشەکان و گەیاندن و نەخۆشخانە و داوودەرمان تا دوایی لە لیستی دوورودرێژ ".

لە بەیانێکیدا کە دوای کۆبوونەوەیان لە بارەگای نەقابە دەریانکرد، ئەنجوومەن داوایکرد بە" تێوەنەگلانی ئێمە لەو قەیرانە" هەروەها داوایانکرد" کە خاوەن نانەواخانە و فرنیەکان بە ئەرکی خۆیان هەستن لەبەرامبەر بە کرێکار بە پلەی یەکەم و پاراستنی بەردەوامی کارەکانیان ".

جەختیان لەوەکردەوە کە "نان" نانی هەژاران و کرێکاران و بێکارانە، و ماددەی سەرەکی ژیانی هەموو هاوڵاتیانە، هۆشداری دەدەین لە بەرزبوونەوەی نرخی نان یان کەمکردنەوەی کێشی نان. هەروەها داواکارین لە دابینکردنی سووتەمەنی و ئارد بۆ نانەواخانەکان بەنرخی دۆلاری ڕەسمی، و کڕینی بە پارەی لوبنانی. هەروەها داواکارین لە وەزارەتی ئابووری بۆ ژیاندنەوەی لیژنەی تاوتوێکردنی نرخی نان، کە پێکهاتووە لە نوێنەری وەزارەتی ئابووری و کرێکاران و خاوەن کار بۆ لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ تێچووی نرخی دەستەیەک نان".

داواشی لە وەزارەتی ئابووری کرد بۆ چارەسەرکردنی "فەوزای نرخ و چاوچنۆکی هەندێک بازرگان و بەرزبوونەوەی نرخ و داواکردن لە هاوڵاتیان کە بە دۆلار نان بکڕن بۆ پاراستنی زیادەی قازانجیان"

## مانگرتنی ٢٥٠٠ کرێکار بۆ ڕۆژی ٧ەم لە کۆمپانیای یونیڤێرساڵ لە ٣ کارگەی نزیک بەیەک لە شاری ٦ی ئۆکتۆبەر لەژێر شیعاری " دەمانەوێت بژین".

سەرچاوە/ عبدالرەئوف بەتیخ.

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی ئۆکتۆبەر مانگرتنی کرێکارانی یونیڤێرساڵ بۆ پیشەسازی کارەبایی پێدەنێتە ٧ەمین ڕۆژ لە بارەگای کارگەی الافرانی سەرەکی لە ناوچەی دووەم لە شاری ٦ی ئۆکتۆبەر، داوای پێدانی مووچەی ٣ مانگی دواکەوتوویان دەکەن. هەروەها دانی مووچە و دەرماڵەکان بە ڕێکوپێکی، و بەشکردنی قازانجی ساڵانە. نارەزایەتی کرێکاران لە ناڕێکوپێکی کۆمپانیاکە لە دانی مووچە و دانی بەشێوەی پچڕپچر، و پێنەدانیان لەسەر بنەمای جیاکاری پلەی کاریان و لە کاتی دیاریکراو، بەتایبەت لەئێستادا کە بەهای گوزەران گران بووە. هەروەها بڕینی قازانجی ساڵانە بەڕێژەی ١٠٪ لە کرێکاران.

کەمتەرجمی خەمساری نێوان کۆمپانیا و نووسینگەی کار.

کرێکاران دەڵێن" هەموو داواکاری ئێمە بریتیە لە بەدەستهێنانی مووچەکانمان لە کاتی خۆیدا، چونکە توشی کێشەی زۆر دەبینەوە بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانمان، بەتایبەت لەکاتی هاتنەوەی وەرزی خوێندن و دواکەوتنی کرێی خانوو. هەروەها زۆرێکمان ڕووبەڕووی دانی سزای مالی دەبینەوە لەکاتی نەدانەوەی قەرزەکانمان لەکاتی خۆیدا. کرێکاران شکایەتنامەیەکیان پێشکەش بە وەزارەتی هێزی کار کردووە، دوای لێکۆڵینەوە لە ئەوراقەکاندا هاتووە کە ئەو کرێکارانە ماوەی ٣ مانگ مۆڵەتی کراوەیان بۆ کراوە و کرێشیان پێدراوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە ڕووی نەداوە، چونکە پاسەکانی کۆمپانیا بەیانیان هاتووە، بەڵام ڕەتیکردۆتەوە کە ئێواران بیانگەیەنێتە شوێنی خۆیان لە کاتی دەستپێکردنی مانگرتنەکە". کرێکاران ئەوەشیان ئاشکرا کردووە کە لە کاتی پشوودا غەدریان لێدەکرێت و ناهێڵن کاتی پشووی یاسایی پشوو بدەن و بە سەعاتکاری زیادەش بۆیان ئەژمار ناکرێت. ڕاشیانگەیاند کە " مانگرتنەکە ئاشتیانەیە و وەزارەتی ناوەخۆ دەیپارێزێت و هیچ کردەوەیەکی تێکدەرانە نەبووە، بەڵام ترس لە پێکدادان لەگەڵ هێزە ئەمنیەکان دوای ئەوەی نەیانهێشت کرێکاران بچنە دەرەوە لە کارگە.

هەریەکە لە کارگەی ئەندازیاری ١ و ٢ کارگەی المعدانیە و کارگەی ٢٤ و ٢٠ هەزار و ١٠ هەزار و کارگەی ٥ هەزار شوفێر و کرێکاری دارتاشی ئاسایش و ئەوانی دیکە مووچەکانیان نەدراوە. بۆیە کرێکاران لە کارگەی السخانات کۆبوونەتەوە تا ئەو کاتەی ئیدارە وەڵامی داواکاریەکانیان دەداتەوە.



# مێژووی هەموو حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، مێژووی سیاسەتی خۆگرێدانەوەیە بە سیاسەت و بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکەوە...

## دیمانە بۆپێشەوە لەگەڵ موحسین کەریم ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەبارەت بە ١٦ ئۆکتۆبەر و نۆکەر پیشەیی بزوتنەوەی کوردایەتی...

**بۆپێشەوە: ١٦ی ئۆکتۆبەر؛ گۆشەیەکی تر لە کرێگرتەیی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەخاتە ڕوو، هۆکار چییە دەست لە کرێگرتەیی هەڵناگرن؟**

**موحسین کەریم:** حزبەکانی کوردایەتی، وەکو ئەحزابی بۆرژوازی، هێزگەلێک نین پێشکەوتوخوازبن و جیاوازیەکی بنەڕەتییان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا نییە کە لەناوچەکەدا هەن. ئەوان شەڕیان تەنها بۆ بەشداربوونە لە دەسەلاتی سیاسیدا لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندیەکاندا تا لەو ڕێگایەوە بگەن بە بەرژەوەندیە ئابوریەکانی خۆیان و بەشی خۆیان لە بازاری کارو سەرمایەی ئەو وڵاتانەدا دەست بخەن.

بەپێی سروشتی ناوچەکەش، کورد لەچەند وڵاتیکدا هەیە. ئەم وڵاتانە زۆرجار بەرژەوەندیەکانیان بەریەک دەکەوێ. لەم نێوەدا بۆشاییەک دروست دەبێ کە دەوڵەتەکان هاوکاری ئەم بزوتنەوەو حزبە ناسیۆنالیستانە دەکەن دژ بەیەکتر بۆئەوەی وەکو کارتێکی فشار بەکاریان بێنن و سازشیان بەسەردا بسەپێنن. ئەم حزبە ناسیۆنالیستانە دەچنە ناو ئەم یاریەوەو بەوجۆرە دەبنە بەشێک لە ئەجندای سیاسی ئەو دەوڵەتانە لەدژی یەکتر، گوایە بەوجۆرە دەتوانن بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بگەن. بێگومان هەموو ئەم خۆشخزمەتیە سیاسیە بۆ ئەو دەوڵەتانە بەناوی بەرگری لە مافەکانی"گەلی کورده"وە پاکانە دەکەن. مێژووی هەموو حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، مێژووی ئەم سیاسەتی خۆگرێدانەوەیە بە سیاسەت و بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکەوە. لە بزوتنەوەی بەرزانیەوە، کە پاڵی دا بەئێرانی سەردەمی شا و ئەمریکاوە و دواتر ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە دابوو، تا بزوتنەوەی تاڵەبانی و خزمەتکاری بۆ ڕژێمی بەعس و دواتر (ی.ن.ک) و خۆبەستنەوەی بە ڕژێمی ئیسلامیەوەو تا خۆبەستنەوەی هەردوو ئەم حزبە بە سیاسەتی ئەمریکاوەو خۆشخزمەتی بە سیاسەتە ئیمپریالیستیەکانی لە ناوچەکەدا و تا خۆبەستنەوەی پارتی بە ڕژێمی تورکیاوەو .... تاد. بۆیە مەسەلەی خۆبەستنەوەو خۆشخزمەتی ئەم هێزو حزبانەی کوردایەتی بۆ دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەشێکە لە ستراتیژی ئەوان و ناتوانن دەستبەرداری بن. ١٦ ی ئۆکتۆبەریش گۆشەیەک بوو لە نمایشی ئەم ستراتیژە!

**بۆپێشەوە: هەندێک دەڵین ١٦ ی ئۆکتۆبەر، ئاکامی شکستی ڕیفراندۆم بوو، هەندێکیش دەڵێن ١٦ ئۆکتۆبەر بۆ شکست دانی ڕیفراندۆم بوو ئێوە لەو بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**موحسین کەریم:** من پێموانیە ١٦ ئۆکتۆبەر ئاکامی شکستی ریفراندۆم بێت. ریفراندۆم ئەنجام دراو زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەناوچە "کێشە لەسەرەکانیشەوە" بەشدارییان تێداکردو زۆرینەش دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا. بەڵام هێرشی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەهەموو ئەبعادەکانیەوە، لە بێدەنگکردنی ئەمریکا لە هێرشی دەوڵەتی عێراق و حەشدی شەعبی، تا بە هاتنەناوەوەی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەرکوتکردنی ئەم بڕیارەی خەڵکی کوردستان، تا بە دەخالەتی تورکیاو هاوکاری ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا بۆ گەمارۆی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان و دابڕینی لە جیهانی دەرەوە، تا بەهێرشی ڕاستەوخۆی حکومەتی ناوەندی و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، لەپاڵ نەخشی ڕاستەوخۆی بەشێکی یەکێتی نیشتمانیدا، بەپێی دانپێدانانی سەرانی یەکێتی خۆیان، لەگەڵ نەخشی ڕاستەوخۆی پارتی و مەسعود بارزانی کە خۆیان وەکو خاوەنی پرۆژەی ریفراندۆم ناساند، بەوەی هەڵوێستێکی لەرزۆکانەو هەلپەرستانەیان بەرامبەر بەم بڕیارەی خەڵکی نواند، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ڕێگا بگیرێ لەجێبەجێبوونی ریفراندۆم، بەڵام بە بڕوای من ریفراندۆم ئەنجام دراوە و لانی کەم تا چەندین ساڵی دیکە خەڵکی کوردستان لەهەر فرسەتێکی سیاسیدا دەتوانن وەکو بڕیارێکی شەرعی مامەڵەی بکەن و کاربکەن بۆ جێبەجێبوونی، مەگەر ئەوەی ئاڵۆگۆڕێکی گەورە لەناوچەکەدا ڕوو‌بدات و پێویست بەوە نەکات ئاکامی ریفراندۆم جێبەجێ بکرێ.

**بۆپێشەوە: ١٦ی ئۆکتۆبەر پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی بەرەو لاوازی زۆر برد و کەرکوکیشی لەدەستیان دەرهێنا، ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر خەڵکی کوردستان هەبوو؟**

**موحسین کەریم:** ئەوە ڕاستە کە پێگەی ناسیۆنالیزمی و بۆرژوازی کوردی لەبەرامبەر بۆرژوازی ناوەندو بزوتنەوەکانیدا لاوازکرد، بەڵام ئەوەی کە زیانی گەورەی کرد خەڵکی کوردستان بوو. یەکەم لەو ڕووەوە کە بڕیارێکی سیاسی داو ئەو بڕیارە جیبەجێ نەکرا، بگرە هەموو حزبەکانی کوردایەتی بە وردو درشتەوە کەوتنە پێشبڕکێ بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا و نەفرەتکردن لە ریفراندۆم و ئەو بڕیارەی خەڵک دابوویان، تا لەبەر قاپی دەوڵەتی ناوەندی و بۆرژوازی ناوەندا رابوەستن، بەڵکو لایان لێ بکرێتەوەو بەشدارییان بکەنەوە لە دەسەڵاتدا.

دووەم؛ خەڵکی کوردستان بە ئومێدێکەوە بەرەو ریفراندۆم ڕۆیشتن، بەڵام دوای ١٦ ی ئۆکتۆبەر و ئەو ئاکامە سەربازی و سیاسیانەی بەدوای خۆیدا هێنای، کەشوهەوایەکی پەشیمانی دروستکرد و دەرگای کردەوە بۆ پڕوپاگەندەی چەواشەکارانە دەربارەی خودی پرۆسەکەو ئەو هەنگاوەی خەڵکی کوردستان هەڵیان هێنایەوە. ئەو دەنگە بەرزبووەوە کە گوایە ئەگەر ریفراندۆم نەکرایە، ئەوا دەوڵەتی ناوەندی ئەو ناوچانەی نەدەگرتەوەو وەکو ناسیۆنالیستە ناڕازیەکان بانگەشەی دەکەن، ٥١٪ خاکی کوردستان لەدەست کورد دەرنەدەچوو! لەکاتێکدا ئەوەی ڕاستی بوو، بەبێ ریفراندۆم و بە ریفراندۆمەوە، مەسەلەی ڕادەستکردنەوەی ئەو ناوچانە دوای تەواوبوونی شەڕی داعش بەدەوڵەتی ناوەندی دەبوایە ئەنجام بدرایە. واتە ئەگەر ریفراندۆم نەکرایە، ئەوا هەر دەبوایە ئەو ناوچانە ڕادەستی دەوڵەتی ناوەندی بکرایەتەوە، چونکە وەکو خۆتان دەزانن ئەو ناوچانە بەناوچەی کێشە لەسەر ناودەبەن یان بەناوچەی بڕیاری ١٤٠ کە جێبەجێ نەکراوەو یەکلایی نەکراوەتەوە.

سێهەم: بەبڕوای من دەرفەتێک کە هاتبووە پێش بۆ چارەسەری دیموکراسیانەی کێشەی کورد، لە ئەگەری جێبەجێکردنی بڕیاری ریفراندۆمدا، ئەوا بەهۆی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بۆماوەیەکی نادیار دوورکەوتەوەو ئەمەش دووبارە دەرگا دەکاتەوە بۆ فراوانبوونەوەو بوژانەوەی کینەو نەفرەت و ململانێی نەتەوەیی، کە جارێکی دیکە کەرەستەیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی دروست دەکات بۆ بوژاندنەوەی کوردایەتی و درێژەدان بەتەمەنی بەسەر خەڵکی کوردستانەوە و تێکەڵکردنی سنوری نێوان چینەکان و بەرەژەوەندیە جیاوازەکانیان لەژێر ناوی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد دا!

**بۆپێشەوە: چۆن دەکرێت ڕێگە لە دووبارە و چەند بارەبوونەوەی ٣١ ئاب و ١٦ ئۆکتۆبەرەکان بگیرێت؟**

**موحسین کەریم:** تەنها بەوەی کە دەورونەخشی فکری و سیاسی ناسیۆنالیزم و کوردایەتی لەسەر زەین و مێشکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان لاواز بکەین و بیکەینە دەرەوە. لەڕووی سیاسیەوە کرێکارو زەحمەتکێش دووربخەینەوە لە کارکردی سیاسی و پراتیکی و لە سونەتی فکری و سیاسی کوردایەتی. ئەوەش بەوە دەکرێ کە کۆمۆنیزم لە کوردستان بتوانێ شەڕێکی سیاسی و فکری لەگەڵ بۆرژوازی کوردو ناسیۆنالیزمی کوردا بکات، وەکو بزوتنەوەی سەرەکی بۆرژوازی کورد. بتوانێ کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان بەرەو کۆمۆنیزم و بەرەو هوشیاری چینایەتی و خەباتێکی هوشیارانەی سیاسی چینایەتی لە دژی بۆرژوازی کورد رابکێشێت. بەبێ دەرکێشانی کرێکارانی کوردستان لەژێر هەژمونی فکری و سیاسی کوردایەتی ئیمکانی ئەوە نییە ئەو کارە ئەنجام بدرێت. بەبێ دەوری ڕابەری کۆمۆنیزم وەکو قوتبێکی چینایەتی لە کوردستان کە دەستی بۆ هەموو پرس و مەسەلە هەستیارەکانی کوردستان بردوەو لەناویاندا پرسی چارەسەری کێشەی کورد، ئیمکانی ئەو کارە سەختە. دەبێ کۆمۆنیزم بتوانێ بەشێکی بەرچاو لە کرێکارو زەحمەتکیشی کوردستان لەدەوری سیاسەت و بەرنامەو هەڵسوڕانی سیاسی خۆی ڕێک بخات تا بتوانێ کۆتایی بەو سیناریۆیانە بهێنێ کە خۆیان بەرهەمی هەژمونی کوردایەتین بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و بەسەر زەین و هۆش و پراتیکی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا.

> **حزبەکانی کوردایەتی، وەکو ئەحزابی بۆرژوازی، هێزگەلێك نین پێشکەوتوخوازبن و جیاوازیەکی بنەڕەتییان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا نییە کە لەناوچەکەدا هەن. ئەوان شەڕیان تەنها بۆ بەشداربوونە لە دەسەڵاتی سیاسیدا لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندیەکاندا تا لەو ڕێگایەوە بگەن بە بەرژەوەندیە ئابوریەکانی خۆیان و بەشی خۆیان لە بازاری کارو سەرمایەی ئەو وڵاتانەدا دەست بخەن...**



# سیاسەتی دوو فاقی و پاشگەزبوونەوە و گۆڕینی دروشم و تەنانەت ستراتیجیش شتێکی نامۆ نییە بە بزووتنەوەی سیاسی ئەحزابی کوردیەوە، ئەوەی گرنگە مانەوەیە لە دەسەڵات!

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز مەحەمەد خێروڵا سەبارەت بە ١٦ ئۆکتۆبەرو نۆکەر پیشەیی بزوتنەوەی کوردایەتی...

**بۆپێشەوە: ١٦ی ئۆکتۆبەر لەلایەکەوە بۆ لێدان بوو لە پێگەی پارتی و لەلایەکی تریشەوە جەنگی ناو باڵەکانی یەکێتی بوو، تا چەندە باڵی کرێگرتەی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئامانجەکانیان پێکا؟**

**مەحەمەد خێروڵا** : بە دیدی من چەمکی کرێگرتە لێرەدا پێناسەیەکی نادروستە، کرێگرتە کاتێک بەرامبەر دەسکەوتی مادیی و پارە کارێک ئەنجامدرابێت، هیچ سەرچاوەیەک نییە ئاماژە بۆ وەرگرتنی پارە بکات، ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا خیانەت بوو، سادەترین پێناسەیی خیانەت ئەوەیە کە پەیوەندی نهێنی لەگەڵ دوژمن ببەستیت و هاوکاریی بکەیت و زانیاریی پێبدەیت، لێرەوە ئەوەی ڕویدا خیانەت بوو. هەردوو لا باڵی تاڵەبانی ڕونتر بڵێم باڵی نەوەی یەکەمی تاڵەبانی و پارتی سیناریۆی جودایان هەیە بۆ ڕووداوەکان، بەڵام ئەوەی حاشاهەڵنەگرە ئەم باڵە دوو هاندەریان هەبوو بۆ ئەو هەڵوێستەیان؛ یەکەم ترسی ئەوەیان هەبوو کە پارتی لە کەرکوک کە پێگەیی بەهێزی یەکێتیە هێزەکانی یەکێتی بخاتە داوی حەشدی شەعبی و سوپای عیراقەوە، دواتر خۆی لە بابەتەکە بدزێتەوە، لە لایەکیتر ئەم باڵە نە بڕوایان بە ڕیفراندۆم هەبوو وە نەدەیانویست بارزانی وەک پرۆتاگۆنستێک دەرکەوێت و ڕۆڵی ئەکتەری سەرەکی ببینێت. هەڵبەت سیاسەت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و فراوانکردنی ڕاومی دەسەڵاتە، ئەم تێڕوانینە بە ڕوونی لە ڕووداوەکانی پێش ڕیفراندۆم و ١٦ی ئۆکتۆبەر لە نێو باڵەکانی یەکێتی و هەروەها باڵی نەوەی یەکەمی تاڵەبانی و پارتی بەدیدەکرێت، تەنانەت بە شێوەیەک حەڵاڵ و حەرام لە سیاسەت نامێنێت باڵێکی ناو یەکێتی مەیلی ڕکابەرە سەرەکی و مێژووییەکەی دەکات کە پارتیە، و باڵەکەی تر لە گەڵ حەشدی شەعبی ڕێکەوتنی نهێنی دەکات، ئەمانە هەمووی یەک ئاماژە بە ڕوونی دەردەخەن کە متمانە لە نێو ئەم حیزبانە و تەنانەت خودی حیزبێکیش بەدی نەکرێت ئەوەندەی فۆکس لەسەر پەڕوباڵ کردنی یەکترە ئەوەندە فۆکس لەسەر بەرامبەر و سیاسەتکردن لە پێناوی ژیان و گوزەرانی خەڵک نییە، ئەمەش بۆ خۆی کارەساتە. خاڵێکی گرنگ دەبێت ئاماژەی پێبکرێت؛ ئەوەیە کە ئەم باڵە جگە لەوەی خاوەنی هێزی سەربازی و ئابوورین، بەڵام تەواو بە پێچەوانەی تاڵەبانی باوک و مام سیاسەت دەکەن، تاڵەبانی لە دوای ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ وە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بەرامبەر پارتی جگە لە سازش و سیاسەتی نەرم هیچیتر ناکرێت، کەچی ئەم باڵە لەگەڵ پارتی سیاسەتی کاروکاردانەوە یان ئەوەی پێیدەڵێن الرد بالمثل و ڕاستەوخۆ بە پارتی ڕادەگەیەنن هەر هەنگاوێک بنێیت بە هەمان شێوە وەڵامت دەدەینەوە. ٣١ی ئاب دەکەیت ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەنجام دەدەین، پێموایە ئەم نەهجە مەترسیدارە و لە ئاییندەدا دەرئەنجامەکانی دەبینین

**بۆپێشەوە: باڵی کرێگرتەی یەکێتی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر شانازیان بە نۆکەرایەتیەکەیان دەکرد، کەچی ئێستا حاشا لەوە دەکەن و دەیانەوێت شانی خۆیان لەو تاوانە خاڵی بکەنەوە، چۆن دەڕواننە ئەو دووفاقیە؟**

**مەحەمەد خێروڵا:** ئاشکرایە لە ١٦ی ئۆکتۆبەر دەسەڵاتی کوردی بەهەموو لایەن و حیزبەکانەوە شکستیان هێنا. سەرکەوتن خاوەنی زۆرە و شکست هەتیو و بێخاوەنە. بێگومان باڵی نەوەی یەکەمی تاڵەبانی ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە ڕوداوەکان سەرەتا پاساویان دەهێنایەوە و دەیانویست هەرچۆنێک بێت قەناعەت بە خەڵک بێنن کە لەپێناو کەرکوک و مانەوەی یەکێتی ئەو کارەیان کردوە، بەڵام کاتێک دەسەڵاتی کورد لە کەرکوک تەواو لاواز بوو وە پێدەچیت لایەنی بەرامبەر مولزەم نەبوبێت بە خاڵەکانی ڕێکەوتنەکەوە، دێن هەوڵی خۆدەربازکردن لەو خیانەتە دەدەن. سیاسەتی دوو فاقی و پاشگەزبوونەوە و گۆڕینی دروشم و تەنانەت ستراتیجیش شتێکی نامۆ نییە بە بزووتنەوەی سیاسی ئەحزابی کوردیەوە، ئەوەی گرنگە مانەوەیە لە دەسەڵات! جا ئەوە لەسەر حیسابی خوێنی خەڵک یان ژیان و گوزەران و کەرامەتی خەڵکە، ئەوە بابەت و غەمی ئەم حیزبانە نییە.

> **کوردستان گۆڕەپانی چەندین کارەسات و تاوان بووە بە دەستی ئەم حیزبانەوە، شەڕی ناوخۆ، ٣١ی ئاب، کارەساتی شەنگال، هێنانی سوپایی داگیرکەر، ڕێکەوتنی نهێنی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، تیرۆری ڕۆژنامەنوسان و نەیاری سیاسی، بازرگانی لەگەڵ داعش، سەدان گەندەڵی ........هتد، لەسەر ئەمانە هیچ کەسێك نەدادگایی کراوە و نە سزادراوە!**


**بۆپێشەوە: ئەوانەی نەخشە داڕێژەر و کارەکتەری ١٦ی ئۆکتۆبەر بوون، هیچ پۆست و بەرپرسیاریەتیەکی باڵایان لە ناو مەکتەبی سیاسی یان سەرکردایەتیدا نەبوو، چۆن توانیان ئەم کارە ئەنجام بدەن؟ پاشان بۆ لێکۆڵینەوەی جدیان لەگەڵ نەکراو سزا نەدران؟**

**مەحەمەد خێروڵا:** بەرزبونەوەی پلەی حیزبی و پۆست لە ناو حیزبەکانی کوردستان بە گشتی و پارتی و یەکێتی بە تایبەتی؛ پەیوەست بە خەبات و تەمەنی خەباتەوە نییە! نەخشەداڕێژەرانی ١٦ ی ئۆکتۆبەر کەسە نزیکەکانی تاڵەبانین، و من پێموانییە هێرۆی خێزانی تاڵەبانیش بێئاگابووبێت لەو ڕێکەوتنە. ئەمانە خۆیان بە میراتگر و خاوەنی شەرعی و ڕاستەوخۆی یەکێتی دەزانن، و هەمیشە خاوەنی حەصانە و تەزکیەی تایبەتن لە دانیشتنەکانی مەکتەبی سیاسی. لە ڕابردوو کوردستان گۆڕەپانی چەندین کارەسات و تاوان بووە بە دەستی ئەم حیزبانەوە، شەڕی ناوخۆ، ٣١ی ئاب، کارەساتی شەنگال، هێنانی سوپایی داگیرکەر، ڕێکەوتنی نهێنی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، تیرۆری ڕۆژنامەنوسان و نەیاری سیاسی، بازرگانی لەگەڵ داعش، سەدان گەندەڵی ......هتد، لەسەر ئەمانە هیچ کەسێک نەدادگایی کراوە و نە سزادراوە! لە کوردستان نە داواکاری گشتی ئەکتیڤە و نە دادگاکان سەربەخۆن و نە دادوەریی ئازا و جەسورمان هەیە، گەر هەشبن تەنها بۆگرتنی ماسی بچووکن. وەکوو حیزبیش یەکێتی لە مێژە سیما و ناوەڕۆکی حیزبی لە دەست داوە، نە یەکێتی ڕێکخراوەیی، نە پەیڕەو پرۆگرام و نە دیسیپلین لە ناو ئەو حیزبە نەماوە، لەبەر ئەوە ئەنجامدانی تاوان و پێشێلکردنی یاسا بۆ ئەوانە لە ئاوخواردنەوە ساناترە.

**بۆپێشەوە: لاتان وایە ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا لەدەست دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی دەرهات، بگێردرێتەوە بۆ دۆخی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر؟**

**مەحەمەد خێروڵا:** ئەو دەسەڵاتەی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر حیزبە کوردیەکان لە کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان هەیان بوو، لە دایکبووی هەلومەرجی بابەتی و هەندێ ڕووداوی ناوچەکەوە بوو. لە هەموویان گرنگتر دروستبوون و هێرشی داعش لە سوریاوە بۆ عێراق بوو، ئەو دەسەڵاتە بە هێز و بازوی خۆیان نەهاتبووە بەرهەم، بەڵام بە هەڵەی کوشندەی سیاسی؛ ڕوونتر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەو ناوچانە لە دەستیاندا. بارودۆخی عێراق و ناوچەکە ناسەقامگیرە و کۆمەڵێک قەیران و دەستێوەردان لە ناوچەکە هەیە، لەبەر ئەوە گەیشتنەوە بە پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر بەستراوەتەوە بە داهاتووی ناوچەکە و گۆڕانکاریە بابەتیەکان. دەشێت دەسەڵاتی کوردی جارێکیتر بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە، بەڵام کاراکتەری سیاسی و تەنانەت خەڵکی کوردستانیش هێندە لە بارنییە بتوانێت هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە نەکاتەوە.

**جیهان بە بێ بانگەواز بۆ سۆسیالیزم، بە بێ ئومێد بە سۆسیالیزم، بە بێ هەڕەشەی سۆسیالیزم، ئەگۆڕێت بەرەو لیناوێك...**



# ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی چینی کرێکار

# دیمانەی مەنسور حیکمەت لەگەڵ کۆمۆنیست سەبارەت بە بڕیارنامەی پەسەندکراوی پلینۆمی دەهەم...

## بەشی دووەم

**کۆمۆنیست: لەڕاستیدا درێژەپێدانی مەنتیقی ئەم باسە ئەوەیە کە ئایا شوراکان دەتوانن لەسەردەمی ناشۆڕشگێڕانەدا بوون و خەباتکاری خۆیان وەک ڕێکخستنی جەماوەری کرێکاران بپارێزن؟لەبارودۆخی ناشۆڕشگێڕانە و سەرکوتی سیاسیدا نوێنەری وشیاری و ڕابەرانی ڕادیکاڵی چینی کرێکار توانای خۆ دەرخستنیان نییە لە کۆبونەوە گشتییە کرێکاریەکاندا، باشتر وایە بڵێین بەبەردەوامی، وە ئەم مەیدانە بەچۆڵی دەهێڵنەوە بۆ ڕابەرانی سازشکار و خۆپارێز کە جەماوەری کرێکاران ڕاکێشن بەدوای خواستی بۆرژوازیدا. تەنانەت ئەگەر ئەو کرێکارانە لەشوراشدا کۆبووبێتنەوە. ئایا بەواقعی دەکرێت لەژێر سایەی یەک ئیستیبدادی ڕەشدا ریکخراوێکی جەماوەری ئەوتۆ هەبێت کە بەگوێرەی ئەوەی خۆیان دەناسێنن( نایانەوێ لەچوارچێوەی ئەو یاسایانەدا بمێنێتەوە کە ئیستا هەن)؟**

**مەنسور حیکمەت:** ئەوەی کە ڕێکخراوێکی جەماوەری لەبارودۆخێکی ناشۆڕشگێڕانەدا بەجەنگاوەری بمێنێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکاری زۆر. دەبێ بزانین پارسەنگی هێزەکان لە کۆمەڵگەدا کە جێگای باسەکەمانە چۆنە؟ چوارچێوەی قانوونی خەبات تا چ ڕادەیەک تەسک بۆتەوە. پەیوەندی بەزۆر هۆکارەوە پەیوەستە. ئەبێت سەیر بکەی لەکۆمەڵگەی جێگە سەرنجی ئێمەدا هاوسەنگی هێز بەچ جۆرێکە. چوارچێوەی یاسای خەبات تا چ ئاستێک بەرتەسکراوەتەوە. سونەتە خەباتکارەکانی کرێکاران تا چ ئەندازەیەک ڕیشەیان داکوتاوە، ڕابەرانی کرێکاران لەم دەورەیەدا بەدوای چ سیاسەتێکەوەن، وە بەگشتی ئامادەیی و ڕاوەستاوی خەباتکاری لەو هەل و مەرجەدا دەکرێ چ ماناو چ ڕێژەپێدانێکی دیاریکراوی هەبێت، بەڵام بەهەرحاڵ هەر وەک تاقیکردنەوەی بزوتنەوەی نەقابی دیارە بەشێوەی گشتی سنفی بووە، نیشانی داوە، بەردەوامی و ڕاوەستاوی و ئامادەیی ڕێکخراوێکی کرێکاری بەتەواوی پەیوەندی بەوەوە هەیە کەتا چ ئەندازەیەک بتوانێ جەماوەری کرێکاران لەمەیداندا ڕابگرێ، تا چ ئەندازەیەک بتوانێ ببێتە هەلومەرجی خەباتی فراوانی جەماوەری وچەندە کرێکاران ڕۆڵیان هەبیت لە بڕیاردان و سیاسەت دارشتن و بەرەوەپێشەوە بردنیان. بەم شێوەیە شورا ئێستاش ئیمکانی زیاتری هەیە، چونکە فەلسەفەی بوونی ڕێکخراوکردنی کاری جەماوەری و دەرخستنی وجودی کرێکارانە، بە پێچەوانەی تاقیکردنەوەی زۆرێک لە نەقابەکان.

بەهەر شێوەیەک بێت خستنەڕوی پرسیارەکە بەم شێوەیە زۆر موجەڕەد وگریمانەییە. حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کات وشوێنی دیاریکراودا، لەوڵاتی دیاریکراو وە لە قوناغێکی دیاریکراوی خەباتی چینایەتیدا لە ئێران، بانگەوازی کرێکاران دەکات بۆ کۆبونەوەی گشتی و بزوتنەوەی شورایی، هەر ئەمڕۆ ئەو سەرکوتە ڕەشەو ئەم بارودۆخە ناشۆڕشگێڕانەیە لەئارادایە، وە هەر ئەمڕۆ خەباتی بەردەوامی کرێکاران نەک لەلایەن ئەو یەکێتیانەی کە یاسای بوونی بۆرژوازیان قبوڵ کردوە، بەڵکو بەتوانای ئەو کرێکارانە ئەڕواتە پێشەوە کە ئامادەن پێیەکانیان لەسنورداری توانای یاسایی خەبات (کەلە ئێراندا زۆربێ بایەخە) بخەنە دەرەوە. بەپێچەوانەی دەستورو بەبەرچاوی سەرکوتگەرەکانیەوە، بەشێوەیەکی نایاسایی کۆبونەوەی گشتی پێکدەبهێنن. بەشێوەی نایاسایی مان بگرن، خۆپیشاندان بکەن و هیتر، ئەگەر کەسێک پەیدا ببێت کە بەشێوەیەکی جگە لەمە واتە بەڕێگەی "یاسایی"، یەکێتیەک پێکبهێنێت کەلە ڕوانگەی دەوڵەتەوە مافی یاسایی هەبێت مان بگرێت وە یاساکانی کاری لا پەسەند نەبێت وبتوانێت کرێکاران لەدژی ڕێکبخات، دەرگای ئەنجومەنە ئیسلامیەکان دابخات و شورا ئیسلامیەکان ڕامالێ و بواری هەڵسوڕان بدات بە ڕابەرانی کرێکاری، ئێمە یەکەمین کەسانێک دەبێن کە دەستەکانی بگوشین!

کێشەکە ئەوەیە کە یەکێتیەکی یاسایی لەو شێوەش ئەبێت بەسەر دەوڵەدا بسەپێنرێت. سەرکوت ئەوەندە ڕەش و قورسە کە هەر نارەزایەتیەکی کرێکاریی نایاساییە. لەم بارودۆخەدا تەنها بزوتنەوەیەک لەگەڵ ئەم واقعیەتەدا دێتەوە کەبتوانێت ئەوخەباتە کرێکارابیەی نایاساییەی کە هەرچۆنێک بێت هەیە، ڕابەرایەتی بکات، ڕێکبخات وە یەکگرتوی بکات، بزوتنەوەیەک کە بتوانێت مافە بنەڕەتیەکانی کرێکاران بەسەر بۆرژوازی ویاساکانی بۆرژوازیدا بسەپێنێت. ئەو بزوتنەوەیە، بزوتنەوەی شوراییە، بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتیەکانە، نەک بزوتنەوەیەک کە خاڵی بەهێزی خۆی لەڕەسمیەتی یاسایی لەپێشەوەی خۆی لەلایەن دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی ئێستاوە دانابێت. بزوتنەوەی تریدیۆنی پێوستی بەپلەیەک ئارامی هەیە لە یاساکانی بۆرژوازیدا وپلەیەک لە مۆڵەتی کارکردنی یاسایی کە لە ئێران زۆر بەکەمی هەبووەو ئەمڕۆش لەهەموو کاطیک کەمتر هەیە.

خەباتی ئابوری کرێکاران بەلای ئێمەوە گرنگیەکی حەیاتی هەیە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە سیاسەتی تریدیۆنی لەپێشترە بەبەروارد بە سیاسەتی شورایی. ئەوە بەبیر دەهێنمەوە کەلەڕاستیدا ئەمڕۆ کەسێک نییە لەو جۆرە خۆشباوەریەی هەبێت، مەگەر لە پیرِی تودەیی وئەکسەریەتی (حیزبی شوعی ئێران وبالی زۆرینەی چریکە فیدایەکان.و)، بێت. هەر سەندیکالیستێک کە بیەوێت بەڕێژەیەک واقیع بین وبەناچاری کەمێک ڕادیکاڵ بێت، ئەوە تیدەگات کەتەنانەت دامەزراندنی سەندیکاکان پێوستی بە خەباتێکی بەرفراوانی "نایاسایی" کرێکارانە کە ڕێکخراوەی خۆیان دەوێت. لەم ڕووەوەیە کە هەندێک باس لە "سەندیکای نهێنی" دەکەن، واتە نەقابەی نایاسایی، نەقابیەتی نا ئاشکرا و نا جەماوەری، کە ئەمە بەتەواوەتی لادانە لە مەبەست، چونکە بڕیار بوو باسی شوراو سەندیکا وەڵامی کیشەی ڕیکخراوبونی ئاشکراو جەماوەری کرێکاران بداتەوە. باسەکەی ئێمە ئەوەیە کە تەنانەت لە بارودۆخی ئیستبدادی بۆرژوازی و ئیسلامی ئیستادا توانای پێکهێنانی ڕێکخراوەی ئاشکراو جەماوەری کریکاریی هەیە کە بوونی خۆی بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێت. ڕێکخراوێکی ئەوتۆ بیگومان پەیوەندی نزیکی دەبیت لەگەڵ ڕێکخراوە نهێنیە حیزبیەکان و دەستە نهێنیە کرێکاریە پێشرەوەکان. نەسەندیکای یاسایی وەڵامی کێشەکەیە و نەسەندیکای نهێنی. یەکەمیان خەیاڵاوی و خەیاڵ بزوێنە خەیاڵاتی ڕیفۆرمیزمی لەئێران دەرئەبرێت دوهەمیش نیشانەیەکی تری داماوی سۆشیالیزمی خەڵکی ئێران لە تیگەیشتنی نیازەکانی خەباتی کرێکاری لەبواری ئاشکراو جەماوەریدا و ئەلتەرناتیڤیکی زەینگەرایانەو ڕۆشنبیرانەیەو پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە نییە کەباسی دەکەین.

ڕێگای واقیعی، ڕێگای کۆمۆنیستی، بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی و لە پێگەشتنیدا بزوتنەوەی شورا کرێکاریەکانە. ئەوەی کە ئەگەر ئەم بزوتنەوەیە گەشە بکات ودەورەی شۆڕشگێری دواتردا بچێتە لوتکە، دواتر ئەگەر هات و شۆرش تێکشکا چارەنووسی چی بەسەر دێت، ئەمە باسیک نییە لە ئێستادا یارمەتیمان بدات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیەی کە لەسەری ناکۆکین.

**کۆمۆنیست: لە پیشەکی بڕیارنامەکەدا مەیلە نەقابیەکان هەر وەکو مەیلە خۆپارێزەکان بەشێوەیەکی مەنفی ئاماژەیان پێدراوە، ئایا نەقابیەت جیا لەو ڕۆڵەی کە دەتوانێت بیبێت لەسەردەمە مێژوویە جیاوازەکان و هەلومەرجە جیاوازەکانی بزوتنەوەکەدا، مەیلێکی مەنفییە لەناو بزوتنەوەی کرێکارییدا؟**

**مەنسور حیکمەت:** پێشەکیەکانی بەشی گشتی بریارنامە بەهیچ شێوەیەک ئاماژەیکی ڕاستەوخۆی بە سەندیکا تێدانییە. لەوانەیە مەبەستتان لەپێشەکی بەشی کۆتایی (بەشی د:"سەبارەت بە سەندیکا")یە لێرەشدا باسی سەندیکالیزم وەک مەیلێکی نەرێنی نەکراوە.

باس لەسەر وردبینی تێرو تەسەلی ئەزمون و واقیعیەتێکە کە تییدا خاڵە لاوازەکانی سەندیکا ئاشکرابووە. ئەزمونی سەندیکاکانی هەتا ئێستا، مێژوی بزوتنەوەی سەندیکایی مێژوی مەبەستی سەندیکالیستەکان نییە، مێژوی خودی سەندیکاکانە. بێتوانای لە بەدیهێنانی یەکیتیەکی فراوانی چینایەتی، بەکردەوە نزیک بونەوە تا ئاستی پەیوەندی زۆرنزیکیان لەگەڵ سیاسەت و ڕەوتە حیزبی و ڕیفۆرمیستی و سۆشیال دیموکراسیەکان، دورکەوتنەوە لە دیموکراسی ڕاستەوخۆ و دەرکەوتنی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی بیرۆکراتی (تا ئاستی دیاریکردنی سەرۆکی هەتاهەتایی لە زۆرێک لە یەکیەتیەکان و بێ ئیرادەی کۆبونەوەکانی ئەندامان و جەماوەری ئەندامی نەقابە)و هتد. کە لە بڕیارنامەکەدا بە کورتی ئاماژەیان پێدراوە، بەشێکن لە تایبەتمەندیە دیاریکراوەکانی تریدیۆنیزم. بەوشێوەیەی کەبەکردەوە ئەم بزوتنەوەیە کاریکردوە، بەڵام هیچ یەکێک لەوانە بەس نییە، بۆ ئەو بانگەشەیە کە سەندیکالیسم بەشێوەیەکی گشتی "مەیلێلی مەنفی"یە. ئەبێت لیکۆڵینەوە لەڕۆڵی سەندیکاکان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دیاریکراودا بکەین. لەبەشی زۆربەی سەردەمەکاندا سەندیکاکان، تەنها وەسیلەی خەباتی جەماوەری کرێکاران بوون. مەعدەنچیەکانی بەریتانی ئەمڕۆ بەکردەوە جگە لە یەکێتی کرێکارانی مەعدەنچی شتێکی ترشک نابەن بۆ بەرگری لەمافەکانیان. یەکێتیە کرێکاریەکانی ئەفریقای باشور دەورێکی زۆر پێشرەوانەتر لە سەندیکاکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەگێرن. کەموکوڕی ئەم ڕێکخراوانە هەرچی بێت، ئەوان لە قوناغێکی دیاریکراودا وەسیلەکانی خەباتی کرێکاران بوون.

بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ڕێکخستنی تریدیۆنی لەو پیگەی هەیەتی بە بەراورد لەگەڵ چ ئەڵتەرناتیڤێک و لە چ بارودۆخێکدایە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە ڕوسیا یەکیتی کرێکاریەکان، بۆماوەیەک ببوونە حەشارگەی باڵە سازشکارو ڕیفۆرمیستەکان. بۆ کرێکارانی ئێران، ئەمڕۆ هەبونی یەکێتیەکی بەردەوام کە تەنانەت بەرگری لەمافی بەشێک لە کرێکاران بکات، دەستکەوتێکی ئەرێنی وبەنرخە، بەڵام ئەگەر ئێمە لەبارودۆخێکدا قسە دەکەین کە ئەم یەکیەتیانە بوونیان نیە، بارودۆخێک کەبزوتنەوەی کۆبونەوە گشتی و شورایی خۆی ئەڵتەرناتیڤێکی واقیعی تر دەخەنەڕوو، ئێتر ناکرێ ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەی "سەندیکا هەرچۆنێک بێت لە هیچ باشترە" ناوەندی قورسایی سیاسەتی حیزبێکی کرێکاری بە پێکهێنانی سەندیکاوە ئاراستە بکەین.

ماویەتی

وەرگێرانی: کاوە عومەر

چاوپێداخشاندنەوەوهەڵەبڕی: بۆپێشەوە

## درێژەی....تیکۆشان دژی فاشیزم بەر بەجەنگ دەگرێت

ونارەزایەتی و تیکۆشانی جەماوەری بکەن لەدژی جەنگ و کۆمەڵکوژی. ناکرێت بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بن. چونکە خۆپیشاندان و نارەزایەتی لەناوخۆی تورکیا زۆر گرینگ و پێویستە چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر دەوڵەت. فەرامۆشکردنی ناوخۆی تورکیا کاریگەری زۆر خراپی هەیە لەبەرژەوەندی خەڵکی خۆرئاوای کوردستاندا، چونکە ئەنجامدانی تاوانەکانی سوپای تورکیا لەدژی خەڵکی خۆرئاوا بە هۆی جەنگەوە درێژەی دەبێت بەمەش تەنها خەڵک باجەکەی دەدات بەگیانی خۆی. هەڵەیەکی تری حیزبەکان ئەوەیە بەبێ ڕێکەوتنێکی ئاشکرا لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوڵەتانی سەرمایەداری دادەنیشن وگفتوگۆدەکەن. دواتر ئەگەر شکستیان هێناو گەلەکۆمەکییان لێکرا دەڵێن خیانەتیان لێکردین. ئەمەش بۆداپۆشینی هەڵە سیاسییەکانیانە لەبەردەم خەڵکی کوردستان و جیهانی مرۆڤایەتی دا. سەبارەت بە خۆرئاوایی کوردستان-سووریا ئایا پەیەدە وحیزبەکانی تر چەندین جار لەگەڵ دەوڵەت سووریا دانیشتنیان کردووە بۆچی نەخشە ڕێگای دانیشتنەکان یان گەڵاڵەنامەیەکیان لەوبارەیەوە بڵاونەکردەوە. کە چەندین دانیشتن وگفتوگۆ ئەنجام دراوە؟! سەبارەت بەدانیشتن لەگەڵ دەوڵەتانی وەک (ئەمریکا ،ڕووسیا،ئێران،تورکیا) چەندین دانیشتنکراوە، بەڵام ڕای گشتی نەی زانییوە چۆن وبە چ جۆرو بەکام نەخشە ڕێگا دانیشتنیان ئەنجامداوە؟! لەسەرەتای ئازادبوونی خۆرئاوا لەدەست دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی سووریا، پەیوەندی تورکیا لەگەڵ پەیەدە باش بوو. ساڵح موسلیم چەندین جار سەردانی تورکیایی دەکرد!! بەڵام دواتر پەیوەندیەکانیان بەرەو خراپ بوون چوو. پێویست بوو هەموو دانیشتنەکان بەئاشکرا بایە لەگەڵ دەوڵەتان. ئەمە تەنها لەخۆرئاوایی کوردستان ئەم جۆرە سیاسەتە هەڵەیە بەڕێوە ناچێت، بەڵکو لەباشووری کوردستان زۆر خراپتریشە. لەساڵی ١٩٩١ خەڵکی باشووری کوردستان لەدەست ڕژێمی بەعسی فاشیزم ئاوارەیی شاخەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و باکووری کوردستان، تورکیا بووبوو، بەڵام سەرۆکی حیزبەکان لاملی سەدام حسێنی سەرۆک کۆماری عێراقیان ماچ دەکرد، دانیشتن و ڕێکەوتنیان لەگەڵ دەکرد بەبێ ئەوەی خەڵک بزانێت. لەڕۆژهەڵاتی کوردستان وئێرانیش هەروایە حیزبەکان چەندین جار دانیشتن و گفتوگۆیان لەگەڵ ڕژێمی فاشیزمی ئیسلامی ئێراندا کردووە، بەڵام خەڵکیان لێ ئاگادارنەکردۆتەوە کە لەسەر چ گەڵاڵەنامەیەک یەکەم دانیشتنیان ئەنجامدراوە. دواتر کە خەڵک زانیویێتی ئەوجا هاتوون باسی دانیشتنەکەیان کردووە، بەڵام هەر حیزبە بەجۆرێک باسیان کردووە. ئەمە جۆری سیاسەتی حیزبە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی کوردە کە بەشاراوەیی ونهێنی گفتوگۆو دانیشتنیان لەگەڵ دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهانی کردووە. دواتر کردوویانەتە شایی و ئاهەنگێڕان بۆی، بەڵام کەشکستیان هێناوە خۆیان لێ بێبەری کردووە بەرامبەرەکەیان بەخیانەتکار داناوە. لەساڵی ١٩٦٦ مام جەلال دانیشتنی لەگەڵ عێراق کرد چەند ساڵێک کاروچالاکی ئاشکرار ئەنجامدا، بەڵام خەڵک نەی زانی چۆن و لەسەرچی ڕێکەوتن دواتر کە پەیوندییان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق تێکچوو گووتیان عێراق خیانەتی کرد و مافی کورد نادات. لەساڵی هەفتاکانی ڕابردوو مەلامستەفا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق چەندین دانیشتنی لەگەڵ دەوڵەتی شایی ئێران ئەنجامدا ببوونە دۆستی دەوڵەتی ئێران، بەڵام ساڵی ١٩٧٤ بە فەرمانی شایی ئێران مەلامستەفا بڕیاری ئاشبەتاڵی حیزبەکەی دا کەبەناوی شۆڕشی ئەیلول بەخەڵک ناسێندرا. کەس لەحەڵکی کوردستان نەی دەزانی لەسەر چ بنەمایەک مەلامستەفا لەگەڵ دەوڵەتی شایی ئێران گفتوگۆ دەکات، کەچی دواتر دەگووترا شایی ئێران خیانەتی لە کورد کردووە!!! لەساڵی ١٩٨٣ یەکێتی نیشمانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق گفتوگۆی ئەنجام دەدا، بەڵام خەڵک نەی دەزانی. ئاهەنگ و شاییان ساز دەکرد لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار دواتر کە بووە شەڕ گوتیان دەوڵەتی عێراق مافی کورد نادات. لەهەموو ململانێکانیاندا تەنها خەڵکی کرێکارو هەژارو زەحمەتکێش دەبووە قوربانی، چونکە گەنج و لاوەکانیان لەپێشمەرگایەتیدا لەشەڕەکانیاندا دەبوونە قوربانی. لەکۆتایی دا بەرپرسەکان وسەرۆکی حیزبەکان دەبوونە پاڵەوانی شەڕەکان وحیزبایەتیان. ئەم جۆرە پەیوەندی و دانیشتن و ڕێکەوتن وگفتوگۆیانە لەدوایی ساڵی ١٩٩١درێژەی هەبوو، بەشێکیان پەیوەندیی زۆرباشیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران هەبوو بەشێکیشیان پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا هەبووە، ئێستاش هەر بەردەوامە. ١٩٩٦ یەکێتی پەیوەندی بەئێرانەوە کرد بۆ یارمەتی دانی لەدژی ڕەقیبەکەی کەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو، دواتر سوپای ئێران هێرشی کردە سەر کەمپی ئاوارەکانی هاوڵاتیانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەکۆیە. لەساڵی ٣١ی ئابی ١٩٩٦پارتی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەبوو بەهاوکاری سوپای عێراق شاری هەولێری لەیەکێتی وەرگرتەوە. لەهەموو شەڕەکاندا تەنها خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و کرێکاری کوردستان باجی قورسی قوربانی دەدا. حیزبەکانی باشوور بەتایبەت حیزبە ناسیۆنالیستەکانی وەک (پارتی دیموکراتی کوردستان ،یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و،حیزبی سۆشیال دیموکراتی کوردست ، ئیسلامیی یەکان) لەمێژووی سیاسی یاندا چەندین جار چەند بارەبۆتەوە. سەرجەم حیزبەکان زۆر خۆشباوەڕن بەدۆستایەتی و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهانی، لەسەر ئەساسی ئەو خۆشباوەڕی یە حیزبایەتی و سیاسەت دەکەن، بەڵام هەرگیز باوەڕیان بە پشت بەستن بەخەڵکی کوردستان نییە. بەردەوام دژایەتی ماف وئازادی و هەبوونی ئیرادەی بەهێزی مرۆڤ دۆستانەی خەڵکی کوردستانیان کردووە. لەخوارئاوای کوردستان پەیەدەیە تێکۆشانێکی ئازادیخوازانەی کرد کەپشتی بەئیرادەی خەڵک بەست، هەربۆیە کچان و کوڕان و پەیوەست بوون بەتێکۆشانی ئازادیخوازانەیانەوە، لەماوەی دەسەڵاتی پەیەدە لەوناوچەیەدا هەنگاوی زۆر باشی بەرەو ئاوەدانەکردنەوەو گەشەی خزمەتگوزاری باشی برد، لەڕوویی پەروەردەو فێربوون باش گەشەی کرد بەڵام پێویستە باشتر پشت بە ئیرادەی خەڵک ببەستێت و کرانەوەی ئازادی ودیموکراسی ڕاستەوخۆی خەڵک گەشە پێبدات. بۆئەوەی دەسەڵات و حکومەت ببێتە دەسەڵاتی هەموو خەڵک، نەک دەسەڵاتی یەک حیزب. ئەمەش بەوە دەبێت کە ڕاستەوخۆ خەڵک بەشدار بێت لەیاسادانان و بەڕێوەبردنی حکومەت لەئیدارەدانێکی شوورایی خەڵکدا. بۆ دووبارەنەبوونی کۆمەڵکوژی وئاوارەیی پێویستە دژی جەنگ بین و تێکۆشان بکەین لەدژی هەبوونی یاسا وفکروسیستەمی فاشیزم. لەناوخۆی تورکیاو ئێران و عێراق و کوردستان دا تێکۆشانی جەماوەری لەدژی چەوسانەوە و نابەرابەری ونایەکسانی، لەدژی گەشەی قڵشت و جیاوازی چینایەتی و سەرکوت و بێمافییەکان گەشە پێبدەین. بەستنەوەی تێکۆشانی جەماوەری چەوساوەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە هەنگاوێکی زۆر گرینگ و کاریگەرە بۆ ڕزگاری و هێنانەدی ئازادی. کاتێک لەئێران یاسایی دژە ئینسانی لەسێدارەدان جێبەجێ دەکرێت لەهەموو شارو وڵاتێک دژایەتی بکرێت وداوای هەڵوەشانەوەی ئەویاسایە بن، کاتێک کرێکارانی ئێران داوایی ماف و هەقدەست وبیمەکانیان دەکەن وخۆپیشاندان و نارەزایەتی ئەنجامدەدەن خەڵکی شارەکانی کوردستان و عێراق و تورکیا پشتیوانی نیشان بدەن. لەئێستادا ئەرکێکی مرۆڤانەیە لەهەموو شارێک وهەموو وڵاتێک نارەزایەتی و خۆپیشاندان لەدژی هێرش و ملهوڕیەکانی دەوڵەتی فاشیزمی تورکیا بەرامبەر بە کوردستانی سووریا ئەنجام بدرێت. بەتێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتووانە نیشانی کرداری بدرێت کە خەڵکی خۆرئاوایی کوردستان، لەسووریا تەنیا نییە. پاشەکشەکردن بە ڕژێمی تورکیا لەئێستادا هەنگاوێکی گرینگ و بەبایاخە بۆ سەرکەوتن بەسەر سیستەم ویاساکانی فاشیزم لەناوچەکەو جیهاندا. وەستانەوە بەڕووی جەنگ و ئاوارەیی و کۆمەڵکوژی وەستانەوەیە بەڕوویی یاسا وبیروباوەڕە دژە مرۆڤایەتییەکان. چونکە فاشیزم پێش ئەوەی کرداری ئەنجامدانی کوشتنی مناڵ و ژن و پەککەوتەو کۆمەڵکوژی و ئاوارەیی بێت بیروباوەڕو فکرە، کەواتە پێویستە دژایەتی فکرو بیروباوەڕی فاشیزم بکەین. ئەمەش بەدژایەتیکردنی بیروباوەڕوفکرە دژە مرۆڤایەتی و نایەکسانی ونابەرابەری وچەوسانەوە مەیسەر دەبێت. دەکەواتە پێویستە هەموومان تێکۆشان بکەین لەدژی یاساکانی فاشیزم...

## درێژەی دوا وتە

دەکەن، کە بۆیان بۆتە سەرچاوەی کەڵەکەی سەرمایەو دزی و تاڵانیەکی ئاشکراو فەرهودکردنی سامان و داهاتی ئێوە خەڵکی کوردستان.

### کارگەران و بێبەشانی کوردستان!

دەسەڵات و تەواوی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەناسە سوان و ترسیان لە هاتنە مەیدانی ئێوە لێ نیشتووە، نەوەی نوێش بە بانگەوازی خۆپیشاندان لە کوردستاندا دەیەوێت رۆڵی بزوتنەوەی گۆرانی ساڵی ٢٠١٩ بگێرێت و تورەیی و نەفرەتی ئێوە بکاتە دەستمایەی سات و سەودا و بەشداری لەدەسەڵات، بۆیە ئێوە جەماوەری کارگەران و بێبەشی کوردستان نابێ هیچ خۆشباوەیەکتان بە هیچ کام لە هێزەکانی بۆرژوازی و خۆ هەڵواسینیان بە بزوتنەوەی جەماوەری و ئێوەوە ببێت، بەڵکو پێویستە ئێوە لە دەوری دروشمی" نان، کار، ئازادی و دەسەڵاتی خۆبەرێوەبەری خۆتان، دەسەڵاتی شواریی" بێنە مەیدان و کۆتایی بە دەسەڵات و ئەو ئەزموونە شکستخواردووە بهێنن، کە ژیانی شاهانەی بۆخۆیان و چەندین نەوەی داهاتوویان، لەسەر حسابی خاڵی کردنەوەی سفرەو موچەو دزینی دەسترەنجی ئێوە بنیات ناوە.

### چەپ و کۆمۆنیستەکان، و رابەرانی کارگەری و نارەزایەتی جەماوەری!

پێویستە هەر لە ئێستاوە، نەخشەی رابەری و رۆڵی شیاوی خۆتان لە هەڵخراندنی جەماوەری و بەدەستەوە گرتنی رابەرایەتی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا بگێرن و رێگە نەدەن حزب و لایەنی سیاسی بۆرژوازی خۆیان بە نارەزایەتی جەماوەریەوە هەڵبواسن، یان لە نیوەی رێگادا راپەرین و خرۆشانی رەوای خەڵکی ستەم دیدە بۆ خواستە سەرەکیەکانیان بدزن.

**بۆپێشەوە**

**کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگە دامەزراوە، هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێ...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، عەبدالرحمن رەسوڵ، کاوان قادر، موحسین کەریم، جیهاد محەمەد کەریم، کاوە عومەر

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"١٦ ئۆکتۆبەرو نۆکەر پیشەیی بزوتنەوەی کوردایەتی"

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# خۆپیشاندن و نارەزایەتی جەماوەری لە عێراقدا، دەیان خواستی بەسەر دەسەڵاتدا سەپاند!



دوای ئەوەی جەماوەری زۆریک لە شارەکانی عێراق، بەدژی نەبوونی هەلی کار و خزمەتگوزارییەکان، بەدژی گرانی و گەندەڵیدا هاتنە سەرشەقامەکان، لەگەڵ ئەوەدا کە دەسەلات بەتوندوتیژی وەلامی هاتنە مەیدانی جەماوەری برسی و ناڕازی دایەوە، بەڵام سوربوونی ملیۆنی خۆپیشاندەران و بەرین بوونەوەی، دەسەڵاتی ناچار بە مل کەچ کردن کرد، تا بەزوویی هەنگاوی کرداری هەڵبگرێت. لەو راستایەشدا ناچار کرا، کە دەیان بەڵێن بە بەجەماوەری ناڕازی بدات و پەرلەمانیش واژۆی رەزامەندی لەسەر بدات... دیارە هێشتا بۆ بە کردەوە دەرهێنانی ئەو بەڵێنانە پێویست بە بەردەوامی دان بە گوشارەکان دەکات، بەڵام ئەم خۆپێشاندانانە لە شەقامی شارەکان، تەنها هەر ئەوەی بەدەست نەهێنا کە دەسەڵات و حکومەتی ناچار بە ملکەچ کردن بۆ جێبەجێکردنی بەشێک لەداخوازییەکانی بکات، بەڵکو هاوکات نیشانیدا کە ڕێگای بەدەستهێنانی داخوازییەکان، باشترکردنی ژیان، ئاڵوگۆرهێنان بەسەر دەسەڵاتدا، تەنها و تەنها لە گرەوی هاتنە مەیدانی لەخوارەوەی جەماوەریەوە مەیسەر دەبێت... و ئەوەی لای وایە لەڕێگای هەڵبژاردنەکان و پەرلەمانەوە دەتوانرێت ژیانی خەڵک باش ببێت و داخوازی جەماوەری بەدەست بێت وەهمە... ئەمە دەرسێکی گرنگ بوو بۆ هەر کەسێک کە خوازیاری ژیانێکی باشتر و بەدەستهێنانی داخوازییە ڕەواکانی جەماوەری بێبەشی عێراقە... هاوکات ئەم خۆپێشاندانانە بووە دەرس و سەرمایەکی گرنگ بۆ رابەرانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، بۆ راسان و هاتنە مەیدانەکانی داهاتووی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی و تایفی عیراق. بێگومان ئەم خۆپیشاندانانەو داسەپاندی داخوازییەکانی بەسەر حکومەتدا، ئەزموونێکی گرنگیشە بۆ جەماوەری ناڕازی کوردستان، کە دەبێ لە خەباتی خۆیاندا بەدژی دەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی بەدەستیەوە بگرن.

# لە ئەمساڵدا نزیکی دوو هەزار توندوتیژی جۆراوجۆر لەشاری سلێمانی بەرامبەر ئافرەتان تۆمارکراوە

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەماوەی هەشت مانگی سەرەتای ئەمساڵدا نزیکی دوو هەزار توندوتیژی جۆراوجۆر لەشاری سلێمانی بەرامبەر ئافرەتان تۆمارکراون.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، کە وێنەیەکی دەست (بۆ پێشەوە) کەوتووە، لەماوەی هەشت مانگی یەکەمی ساڵی 2019 دا لەشاری سلێمانی 1992 توندوتیژی جۆراوجۆری وەک کوشتن، خۆکوشتن، سووتان، خۆسووتاندن، سکاڵا، سێکسی تۆمارکراون.

بەپێی ئامارەکە، لەهەموو هەرێمی کوردستان حەوت هەزار و 675 حاڵەتی توندوتیژی جۆراوجۆر تۆمارکراون، کە بەتەنها سلێمانی لەسەدا 25 ی توندوتیژییەکانی بەردەکەوێت.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، جۆری توندوتیژییەکان بەمجۆرە تۆمارکراون، 9 حاڵەتی کوشتن، 13 حاڵەتی خۆکوشتن، 36 حاڵەتی سووتان، 20 حاڵەتی خۆسووتاندن، 23 حاڵەتی سێکسی.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژییەکان یەکێکە لەنیشانەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ئافرەتان بەرامبەر مافەکانیان، چونکە ڕۆژانە چەندان توندوتیژی دیکەی جۆراوجۆر بەرامبەر ژنان ئەنجام دەدرێن، بەڵام سکاڵا تۆمار ناکرێت بەهۆکاری جۆراوجۆر....

## پۆزش

**داوای بەخشین لە خوێنەرانی ئازیزی بۆپێشەوە دەکەین کە بە هۆکارێکی تایبەتەوە لەم ژمارەیەدا لە گۆشەی ئەدەب و هونەر، بێبەش دەبن...**

# دوا وته

## کاتی هاتنە مەیدانی جەماوەری بێبەشی کوردستانە!

### کارگەران، زەحمەتکێشان، جەماوەری تینوی ئازادی و بەرابەری خوازی کوردستان!

خۆپیشاندانی ملیۆنی کارگەران و خەڵکی ستەم لێچووی شارەکانی عێراق، لەدژی دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراق، بەدژی نەبوونی و گرانی، بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، لە بنەرەتدا بۆ نان، کار، ئازادی و لەدژی گەندەڵی و تاڵانی سیستماتیکی دەسەڵاتی رەشی هێزە بۆرژوازییە قەومی و دینی و خۆشخزمەتەکانە بە وڵاتانی ناوچەکەوە. ئەم ڕاپەرینە جەماوەرییە، سەرباری ناکۆکی نێوان لایەنە بۆرژوازییە قەومی و دینیەکان، لەسەر دەسەڵات و بۆ تاڵانی زۆرتر، لەئیسلامیەکانەوە بۆ نەتەوەپەرستەکان، لە هێزە" شیعیەکانەوە" بۆ" هێزە سونییەکان"ی، خستۆتە لەزرە.

هەموو ئەو هۆکارانەی کە جەماوەری شارەکانی عێراق بۆی هاتوونەتە مەیدان، لە بێکاری و گرانی و نەبوونی هەلی کار و خزمەتگوزارییەکان، تاڵانی گەندەڵی بێ سنور، لە کورستانداو لە ژێر سایەی دەسەڵاتی نزیک بە سێ دەهەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردیەتیدا، ڕاستیەکی حاشالێنەکراوە و ژیان و گوزەرانی ئێوە کارگەران و جەماوەری بێبەشی کوردستانی لە مەنگەنەداوە و هەوڵی بە تایبەتیکردنی کایەکانی تەندروستی، خوێندن و پەروەردە، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکانی تر،



ئایندەیکی ترسناکتر دەخاتە بەردەمتان.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، کە ئێوە کارگەران و جەماوەری بێبەشی کوردستان لە چوارچێوەی پشتیوانی لە خواستە رەواکانی جەماوەری ڕاپەریوی عێراق بێنە مەیدان، لە پێناو نان و کار و ئازادی و خزمەتگوزارییەکان و بەدژی دزی و تاڵانیدا. شەقامی شارەکان و شوێنی کارو ژیانتان، بکەنە سەکۆی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی مافیایی و تاڵانچی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا.

حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی سەرباری هەر ناکۆکییەک کە لە نێوانیاندا هەیە، هەموویان لە پارتی و یەکێتیەوە بۆ گۆران و ئیسلامیەکان، تا دەگاتە نەوەی نوێ... بەرخۆر و گیرفان پڕی ئەو ئەزموونە شکستخواردووەی هەرێمن و بە چنگ و ددان بەرگری لەم ئەزموونە

بۆ لاپەڕە 11